# ڕەخنە چییە؟

## وانەوتاری ئەنجوومەنی فەڕەنسیی فەلسەفە (١٩٧٨)

میشێل فوکۆ

وەرگێڕان: فاتح سەعیدی

**هانری گوئیە:** بەڕێزان و خۆشەویستان، سەرەتا دەمەوێت سوپاسی سەیدا میشێل فوکۆ بکەم کە ئەم دانیشتنەی لەناو بەرنامە کارییە پڕ و چڕەکەی خۆی بۆ ئەمساڵ گونجاندووە، بەتایبەت بۆ ئەوەی کە نزیکەی دوو ڕۆژ دوابەدوای گەڕانەوەی لە سەفەرێکی دوورودرێژ بۆ ژاپۆن، لەم کۆبوونەوەدا بەشداری کردووە. ئەم ئاماژەیە نیشانی دەدات کە بۆچی داوەتنامەی ئەم کۆڕە هێندە کورت و پوخت ئامادە کراوە. وتارەکەی فوکۆ لەڕاستیدا چاوەڕواننەکراوە و دەکرێ وایدابنێین کە بۆ ئێمە تەواو سەرنجڕاکێشە؛ کەواتە بۆ بیستن و چێژ وەرگرتن لەم بابەتە، هێندەی تر چاوەڕوان ناتانهێڵمەوە.[1]

**میشێل فوکۆ:** زۆر سوپاسی ئێوە دەکەم کە بۆ ئەم کۆڕە و بۆ بەردەم ئەم ئەنجوومەنە بانگهێشتتان کردووم. وا بزانم پێشتر، نزیکەی دە ساڵ لەمەوبەر، هەر لێرە و سەبارەت بە نووسەر چییە؟[2] قسەم کردووە.

بۆ ئەم پرسیارەی کە ئەمڕۆ دەمەوێت لەبارەیەوە قسەتان بۆ بکەم، هیچ ناونیشانێکم دانەناوە. بەڕێز گوئیە بە چاوپۆشی کردنەوە ویستی پێتان بڵێت کە سەفەری من بۆ ژاپۆن هۆی ئەم کارە بووە. لەڕاستیدا، ئەمە شێوەیەک لە تەنک کردنەوەی نەرمونیانی هەقیقەتە. دەبێ بڵێم هەتا ئەم ڕۆژانەی دوایی، بەدژواری دەمتوانی ناونیشانێک بۆ بابەتەکە پەیدا بکەم؛ یان بە واتایەکی وردتر، یەک ناونیشان مێشکی منی بە خۆیەوە گیرۆدە کردبوو، بەڵام نەمدەویست هەڵیبژێرم. دواتر دەبینن کە بۆچی ناونیشانەکە نابەجێ بوو.

لەڕاستیدا ئەو پرسیارەی کە دەمویست لەبارەیەوە قسەتان بۆ بکەم و هەتا ئێستاش خوازیاری ئەوەم، ئەمەیە: ڕەخنە چییە؟ بەجێگەیە باس لە چەند بیرۆکەیەک سەبارەت بەم بەرنامەیە بکەم؛ ئەو بەرنامەیەی کە لە سنوورە دوورەکانی فەلسەفەدا، تەواو لە نزیکیدا، تەواو دژ بە ئەو، بە ئەندازەی نرخەکەی، لە ڕێڕەوی فەلسەفەی دوارۆژدا و ڕەنگە لەجیاتی هەر فەلسەفەیەکی گونجاو، بێوچان بیچم دەگرێت، پەرە دەستێنێت و سەر لە نوێ لەدایک دەبێتەوە. لەنێوان بەرنامەیەکی ترەنسێندێنتاڵی [بەرزی] کانتیی و ئەو وردەچالاکییە مشتومڕهەڵگر و لێهاتووانە کە ڕەخنەیان ناو لێناوە؛ وا بۆی دەچم کە لە دنیای ڕۆژئاوای مۆدێرندا (بە شێوەیەکی ئەزموونی، کەم تا زۆرێک لە سەدەکانی پانزە ـ شانزە بەدواوە) شێوازێکی دیاریکراو لە بیرکردنەوە، قسەکردن و ئەنجامدان، لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو شتەی کە هەیە، لەگەڵ ئەوەی ئێمە دەیزانین، لەگەڵ ئەوەی ئەنجامی دەدەین لە ئارادا بووە؛ پەیوەندییەک لەگەڵ کۆمەڵگا، لەگەڵ کولتوور و هەروەها پەیوەندییەک لەگەڵ ئەوانی دیکە هەبووە کە دەکرێ بە واتایەک هەڵوێستەیەکی ڕەخنەگرانەی پێ بگووترێت. هەڵبەت، ئێوە لە بیستنی ئەم گووتەیە سەرتان سوور دەمێنێت کە شتێک وەکوو هەڵوێستەیەکی ڕەخنەگرانە هەبێ کە تایبەت بە ژیاری مۆدێرن بێت، لە کاتێکدا فرەیەک هەڵسەنگاندن و زۆر بابەتی مشتومڕهەڵگر و لەم چەشنە هەبووە و تەنانەت ئاخێزگەکانی کێشە کانتییەکان بێگومان بۆ زۆر پێشتر لە سەدەکانی پانزە و شانزە دەگەڕێنەوە. هەروەها لەو هەوڵەی کە هەمە هەتا لەم ڕەخنەدا یەکیەتییەک بدۆزمەوە ڕەنگە سەرتان سوور بمێنێت؛ لە کاتێکدا وا دێتە بەرچاو ئەم ڕەخنەیە لەبەر سروشت، کارکرد، هەروەها ڕەنگە بتوانم بڵێم، لەبەر ئەو لێهاتووییەی کە هەیەتی ناچار بە پرشوبڵاویی، پاشکۆبوون و ئەویدیسالاریی پەتی دەبێت. لەگەڵ هەمووی ئەمانەدا، ڕەخنە تەنیا لە پەیوەندی لەگەڵ شتێک جگە لە خۆی بوونی هەیە: ڕەخنە ئامرازە، کەرەسەیە بۆ دوارۆژ یان بۆ هەقیقەتێک کە ڕەخنە نازانێت چۆن ڕوو دەدات و هەروەها ڕەخنە ئەم دوارۆژ یان هەقیقەتەش نییە، ڕەخنە تێڕوانینێکە

بەســـەر ئەو هەرێمەی کــە دەیەوێت تیایدا وەک پۆلیس بێت، بـــەڵام ناتوانێت بەڕێوەی بــات. لەبەر هەمووی ئەمانـــە، ڕەخنە وەک کارکردێکی لێ دێت کە بە بەراورد لەگەڵ ئەو شتانەی کە فەلســـەفە، سیاسەت، ڕەووشت، یاســاکان، ئەدەبیات و هتد، بە شــێوازێکی ئەرێنی پێکی دێنن، کارکردێکی ژێردەســـت و ناسەرەکی هەیە. هەروەها لە هەمان کاتدا، دەستکەوتە خۆشەکان یان قەرەبووکردنەوەی هاوڕێ لەگەڵ ئەم چالاکییە پەیجورەی ڕەخنە هەر چییەک بـــن، وا دێتە بەرچاو کە ڕەخنە هەتـا ڕادەیەک بــە شــێوەیەکی ڕێکوپێک، و زۆربەی کات هەمیشــە، نــە تەنیا هەڵگری ئەو شــێوە وشکی و قســـەڕەقییە بەکەڵکەیە کە داخـــوازی لێ دەکات، بەڵکـــوو هەروەها لەڕێگەی جۆرێک حوکمی گشـــتییەوە ـ زۆر گشتیتر لە سڕینەوەی هەڵەکان ـ پشتگیری لێ دەکرێت. لە ڕەخنەدا شــتێک هەیە کە لە بایەخ [فەزیلەت] دەچێت. بۆیە ئەو شـــتەی کە دەمویست لەبارەیەوە قسەتان بۆ بکەم، لە لایەنێکەوە، هەر ئەم هەڵوێستە ڕەخنەگرانەیە کــە بە شــێوەیەکی گشــتی وەکـــوو بایەخ [فەزیلەت] دەردەکەوێت.

ڕێگەگەلێکی فرە بۆ قســەکردن لەســەر مێـــژووی ئەم هەڵوێســـتە ڕەخنەگرانە بوونی هەیە. تەنیا دەمەوێت ئەم ڕێگایە کە لەنێوان زۆر ڕێـــگای تردا ڕێگەیەکی گونجاوە، بە ئێوە پێشـــنیاز بکەم. پێشـــنیازەکەی من ئەمەیە: شوانکارەیی مەسیحی، یان کڵێسەی مەسیحی، لەبـــەر ئەوەی هەڵســـووکەوتێکی بەتایبەت و ڕێک ســـەپانانەی بڵاو دەکـــردەوە؛ هەروەها ئەم بیرۆکەیـــە کە بە بڕوای من بیرۆکەیەکی تاک و تەواو جیاواز لــە کولتووری کۆن بوو، پەرەی ســـەندبوو: دەبێ بەســـەر هەر تاکێک لە ســـەرەتای لەدایکبوونیـــەوە هەتا کۆتایی ژیان، جا لە هەر تەمەن یان پێگەیەکدا بێت، هەروەها بەسەر هەموو وردەکارەکانی ژیانیدا حکومەت بکرێت و دەبـــێ ئەم تاکە بهێڵێت کە بەسەریدا حکومەت بکرێت؛ واتە لە لایەن کەسێکەوە کە تاک پەیوەندییەکی هەمەلایەنە و لە هەمـــان کاتدا بە شـــێوەیەکی زۆر ورد پەیوەندییەکی گوێڕایەڵانـــەی لەگەڵدا هەیە، بەرەو ڕزگاربـــوون ڕێنوێنی بکرێت. دەبێ ئەم کرداری ڕێنوێنی بە مەبەستی ڕزگاربوون کە پەیوەندییەکی گوێڕایەڵانەی لەگەڵ کەسێکدا هەیـــە، لــە پەیوەندییەکی ســـێیانە لەگەڵ هەقیقەتدا سەیر بکرێت: **١** هەقیقەت وەکوو دۆگما [ڕێســـاگەلێکی ئیمانی]؛ **٢** هەروەها هەقیقەت لـــەم لایەنەوە کـــە ڕێنوێنیکردن هەڵگـــری شـــێوەیەک لە زانینـــی تایبەت و بەتاککردنـــی تاکەکانــە؛ و لــە ئاکامـــدا **٣** هەقیقەت لەم لایەنەوە کە ئەم ڕێنوێنیکردنە وەکوو ئەو تەکنیکە ڕامانکراوە پەرەی سەندووە کە لە ڕێساگەلێکی گشـــتی، زانینی تایبەت، فەرمانەکان و مێتۆدەکانی ئەزموون، دانپیانان، چاوپێکەوتـــن و هتـــد پێکهاتـــووە. لە دوای هەمووی ئەمانە، نابێ لە بیرمان بچێت کە ئەو شـــتەی بۆ چەندین سەدە لە کڵێسەی یۆنانی technè technôn [تەکنیکـــی تەکنیکەکان] و لە کڵێســـەی ڕۆمەن لاتینـــی ars atrium [هونـــەری هونەرەکان] پـــێ دەگووترا، ڕێک ڕێنوێنی ویژدان بوو؛ هونەری حکومەت کردن بەسەر مرۆڤەکان. بەدڵنیاییەوە، ئەم هونەری حکومەتکردنـــە هەتا ماوەیەکـــی درێژخایەن پەیوەنـــدی بە کردارگەلێکـــی هەتا ڕادەیەک ســـنووردارەوە هەبووە؛ تەنانەت لە کۆمەڵگای سەدەکانی ناوەڕاستدا پەیوەندی بە ژیانی ناو پەرســـتگاکانەوە هەبووە؛ هەروەها بەتایبەت، گرێدراوی شـــێوازی ڕاهێنانی هەتا ڕادەیەک بەستراوەی ناو دار و دەستە مەعنەوییەکانەوە هەبـــووە. بـــەڵام بە بـــاوەڕی مـــن دەکرێ بگووترێ لە ســـەدەی پانزەیەم بەدواوە و بەر لە بزاڤی چاکســـازی ئایینی، تەقینەوەیەکی ڕاســـتەقینە لە هونەری حکومەتکردن بەسەر مرۆڤەکانـــدا ڕوویـــداوە. ئـــەم تەقینەوەیە بە دوو مانـــا بووە: یەکـــەم لەڕێگەی جێگۆڕکێی

ئەو پەیوەندییەی کە بە ناوەندی ئایینیی هونەری حکومەتکردنەوە لە ئارادا بووە، یان ئەگەر دەتانەوێ دەتوانین بڵێین بە شێوەی ئایینجیاکردنەوە (سێکۆلارکردن) ، پەرەپێدانی هەوێنی هونەری حکومەتکردن بەسەر مرۆڤەکان لەناو کۆمەڵگایەکی مەدەنی و [هەڵبژاردنی] چەند مێتۆدێک بۆ ئەنجامدانی ئەم هونەرە بووە. دووەم، تەشەنەکردنی ئەم هونەری حکومەتکردنە بۆ ڕووبەری جۆراوجۆر: چۆن حکومەتکردن بەسەر منداڵان، چۆن حکومەتکردن بەسەر هەژاران و سواڵکەرەکان، چۆن حکومەتکردن بەسەر یەک بنەماڵە، یەک ماڵ؛ چۆن حکومەتکردن بەسەر سوپاکان، چۆن حکومەتکردن بەسەر دار و دەستە جیاوازەکان، شارەکان، دەوڵەتەکان، چۆن حکومەتکردن بەسەر جەستە و مێشکی خۆت. بە باوەڕی من چۆن حکومەتکردن یەکێک لە پرسیارە بنەڕەتییەکانی ئەو شتە بوو کە لە سەدەی پانزەیەم یان شانزەیەم ڕووی دا. پرسیارێکی بنەڕەتی کە لەڕێگەی تەشەنەکردنی تەواوی هونەرەکانی حکومەتکردن ـــ هونەری پەروەردە و فێرکاری، هونەری سیاسی و هونەری ئابووری ـ و تەشەنەکردنی تەواوی دامەزراوەکانی حکومەت وەڵام درایەوە؛ حکومەت بەو مانا بەرینەی کە ئەم زاراوە لەو سەردەمەدا بوویەتی.

بەڵام وا بۆی دەچم کە ناکرێت لەم حکومەتمەندسازییە، کە بە باوەڕی من هەتا ڕادەیەک تایبەتمەندی بەرچاوی کۆمەڵگاکانی ئەوروپای ڕۆژئاوای سەدەی شانزەیەمە، پرسیاری غچۆن حکومەت بەسەردا نەکران؟” بەڕوونی جیا بکەینەوە. مەبەستم ئەمە نییە کە لە جۆرێک بەرەوڕووبوونەوەدا، ئەم دەربڕینە دژبەیەکەی “ئێمە نامانەوێت حکومەتمان بەسەردا بکرێت، ئێمە بە هیچ شێوەیەک نامانەوێت حکومەتمان بەسەردا بکرێت” ، دژایەتی لەگەڵ حکومەتمەندسازیدا هەبێت. بەڵکوو مەبەستم ئەمەیە کە لە توێی ئەم سەرقاڵییە لە ڕادە بەدەرە سەبارەت بە شێوازی حکومەتکردن و توێژینەوە لەمەڕ شێوازی حکومەتکردن، پرسیارێکی هەمیشەییمان بۆ دەردەکەوێت: “چۆن بەم شێوەیە، لەڕێگەی ئەمەوە، بەناوی ئەم ڕێسایانەوە، بە مەبەستی ئەم ئامانجانە و بەم مێتۆدانە بەسەرماندا حکومەت نەکرێت؛ نە بەم شێوەیە، نە بۆ ئەمە، نە لەڕێگەی ئەوانەوە”؛ هەروەها ئەگەر بەم بزاڤی حکومەتمەندسازییەی هەم کۆمەڵگا و هەم تاکەکان، ڕەهەندی مێژوویی و پانتاییەک کە بە بڕوای من هی خۆیەتی بدەین، وا دێتە بەرچاو کە دەتوانین لەنزیکەی ئەو بابەتەدا جێگایەک بۆ ئەو شتەی کە هەڵوێستەی ڕەخنەگرانەی پێ دەڵێین، بکەینەوە. لەبەرامبەر و وەکوو لایەنی بەرامبەر، یان بە واتایەکی وردتر، وەکوو هەم شەریک و هەم دژکارییەک لەگەڵ هونەرەکانی حکومەتکردن، وەکوو بەرهەڵستی کردنی ئەم هونەرانە، پەسەند نەکردنیان، سنووردار کردنیان، دۆزینەوەی پێوەرێکی گونجاو بۆیان، گۆڕاندنیان، گەڕان بە شوێن ڕێگەی دەربازبوون لەم هونەری حکومەتکردنانە، یان هەر چۆنێک بێت، جێبەجێ کردنیان لەژێر ناوی گومانکردنێکی بنەڕەتی لێیان، بەڵام هەروەها و هەر لەسەر ئەم بنەمایە، تەنانەت وەکوو هێڵی گەشەکردنی هونەرەکانی حکومەتکردن، شتێک هەیە کە لەو سەردەمەدا لە ئەورووپا لەدایکبوو، جۆرێک فۆرمی کولتووریی گشتی، هەڵوێستەیەکی هەم ئاکاریی و هەم سیاسی، شێوازی بیرکردنەوە و هتد؛ هەروەها ئەو شتەی کە دەتوانم بەئاسانی هونەری حکومەت بەسەردا نەکران یان هونەری حکومەت بەسەردا نەکران بەم شێوەیە و بەم نرخە باسی لێ بکەم. کەواتە ئەم تایبەتمەندیدانانە گشتییە وەکوو پێناسەیەکی تەواو سەرەتایی لە ڕەخنە پێشنیار دەکەم: هونەری ئێجگار زۆر حکومەت

بەسەردا نەکران.

دواتر بە من دەڵێن کە ئەم پێناسەیە هەم زۆر گشتییە، هەم زۆر ناروون و نەمەییوە. بەدڵنیاییەوە! بەڵام هێشتا لەو باوەڕەدام کە ئەم پێناسەکردنە دەرفەتێکمان بۆ دەڕەخسێنێت کە بتوانین چەند خاڵی روونی سەرەکی لەو بابەتەدا پەیدا بکەین کە من هەوڵمداوە هەڵوێستەی ڕەخنەگرانەی پێ بڵێم. لێرەدا ئەم خاڵە ڕاگرە مێژووییانە بەم شێوەیە دیاری دەکرێن:

**١** یەکەم خاڵی ڕاگر: لە سەردەمێکدا کە هونەری حکومەتکردن بەسەر مرۆڤەکان لە بنەڕەتەوە هونەرێکی مەعنەوی، یان لە بنەڕەتەوە کردەوەیەکی ئایینی گرێدراو بە دەسەڵاتی کەڵێسە و پەیڕەوی فەرمانەکانی کتێبی پیرۆزەوە بوو، ویستی حکومەت بەسەردا نەکران بەمگوێرەیە لە بنەڕەتەوە بە شوێن کارکردێکی تر لەگەڵ کتێبی پیرۆزەوە بوو؛ کارکردێک جگە لەو کارکردەی کە پەیوەندی بە فێرکارییەکانی خوداوە هەبوو. ویستی حکومەت بەسەردا نەکران شێوازێکی دیاریکراو لە ڕەتکردن، پەسەندنەکردن و (بە واتایەک) سنووردارکردنی دەسەڵاتی تایبەتیی کڵێسە بوو. هەروەها بە مانای گەڕانەوە بۆ کتێبی پیرۆز و گەڕان بە شوێن ئەو شتانەی کە تیایدا ڕاستن بووە؛ ئەو بابەتانەی کە بەڕاستی لە کتێبی پیرۆزدا نووسراون، پرسیار سەبارەت بەوەی کە کتێبی پیرۆز باس لە چ جۆرە هەقیقەتێک دەکات، ڕەنگە لەگەڵ ئەوەیدا کە کتێبی پیرۆز بە شێوەی نقیسارە چۆن دەکرێ تیایدا بە هەقیقەتی کتێبی پیرۆز بگەین؛ هەتا لە ئاکامدا بەم پرسیارە سادەیە دەگەین: ئایا کتێبی پیرۆز ڕاستە؟ هەروەها، بەکورتی، لە جان ویکلیفەوە[٣] هەتا پییەر بێل[٤]، ڕەخنە هەتا ڕادەیەک، و وا بۆی دەچم هەتا ڕادەیەکی زۆر و هەڵبەت نە بە شێوەیەکی تایبەت، لە پەیوەندی لەگەڵ کتێبی پیرۆزدا گەشەی سەند. بە واتایەک ڕەخنە بە شێوازێکی مێژوویی پەیوەندی بە کتێبی پیرۆزەوە هەیە.

**٢** ویستی حکومەت بەسەردا نەکران دووەمین خاڵی ڕاگرە، ویستی بەم شێوەیە حکومەتنەکرانە، ویستی پەسەندنەکردنی ئەم یاسایانە، لەبەر ئەوەی ناعادڵانەن؛ چونکە لەژێر کۆنبوونی یاساکان یان لەژێر ئەو دەسەڵاتە کەم تا زۆر مەترسیدارەی کە حاکمی ئەمرۆیی پێیان دەدات، نارەوابوونێکی بنەڕەتی دەشارنەوە. کەوابوو لەم ڕوانگەوە، ڕەخنە لەبەرامبەر حکومەت و فەرمانبەردارییەکدایە کە حکومەت بەمەرج دایناوە؛ لەهەمبەر ئەو مافە گشتییانەدایە کە تێپەڕبوونی زەمەن لەخۆ ناگرن و هەر حکومەتێک، هەر چییەک بێت، چ پاشا، ج حاکم، چ ڕاهێنەر، چ باوکی بنەماڵە دەبێ لەبەرامبەریاندا ملکەچ بن. بەکورتی، لێرەدا دیسانەوە کێشەی یاسا سرووشتییەکان دەبینینەوە.

بەدڵنیاییەوە یاسا سرووشتییەکان داهێنانی ڕێنێسانس نییە، بەڵام لە سەدەی شانزەیەمەوە، کارکردێکی ڕەخنەگرانەیان پەیدا کردووە کە هەنووکەش هەر هەیانە. یاسا سرووشتییەکان بەم شێوەیە بە پرسیاری "چۆن حکومەت بەسەردا نەکران" وەڵام دەدەنەوە: سنوورەکانی مافی حکومەتکردن کامانەن؟ دەبێ بڵێم کە لێرەدا ڕەخنە لە بنەماوە مەسەلەیەکی یاساییە.

**٣** لە کۆتاییدا بەدڵنیاییەوە "ویستی حکومەت بەسەردا نەکران" ئەمەیە: دەتوانم بەخێرایی باس لەم ویستە بکەم کە ئەو شتەی دەسەڵات پێتان دەڵێت ڕاستە وەکوو بابەتێکی ڕاست وەرمەگرن، یان لانیکەم لەو سۆنگەوە کە دەسەڵاتێک پێتان دەڵێت ڕاستە پەسەندی مەکەن؛ بەڵکوو تەنیا لە حاڵەتێکدا پەسەندی بکەن کە خۆتان بایەخ بۆ هۆکارەکانی پەسەندکردنەکەتان دابنێن و بە ڕاستیان بزانن. ئەم جارەیان ڕەخنە خاڵی ڕاگری خۆی لە کێشەی دڵنیایی لەهەمبەر

دەسەڵاتدا دەبینێتەوە.

[ئەم دەسەڵاتە بریتییە لە] کتێبی پیرۆز، ماف، زانست، کەلام، سروشت، پەیوەندی لەگەڵ خۆت؛ سەروەرییەکی زاڵ، یاسا، ئەتۆریتەی ڕێسا دۆگماکان [ئیمانییەکان]. دەبینین کاریگەرییەکی دوولایەنە کە لەنێوان حکومەتمەندسازی و ڕەخنەدا هەیە، بووە بە هۆی ئەو دیاردانەی کە بە باوەڕی من لە مێژووی کولتووری ڕۆژئاوا گرنگ و بنەڕەتی بوون: گەشەی زانستەکانی زمانناسی، هزری فەلسەفی، شیکاری یاسایی و تێرامانی مێتۆدیانە. بەڵام بەتایبەت دەبینین کە ناوەندی ڕەخنە لە بنەماوە کۆبەندێک لەو پەیوەندییانەیە کە دەسەڵات، هەقیقەت و سوژە، یەکێکیان بە ئەویتر یان یەکێکیان بە دووانەکەی تریانەوە گرێ دەدات. هەروەها ئەگەر حکومەتمەندسازی لەڕاستیدا بزاڤێک بێت کە ئامانجەکەی بریتییە لەوەی کە لەڕێگەی بابەتێکی ڕاستەقینەی کردارێکی کۆمەڵایەتی لەخۆیدا، و بە یارمەتی سازوکارەکانی [مێکانیزم] دەسەڵاتی خوازیاری هەقیقەت، تاکەکان سوژەملکەچ بکات؛ کەواتە دەبێ بڵێم ڕەخنە ئەو بزاڤەیە کە ئەم مافە بە خۆی دەدات لە هەقیقەت لەسەر بنەمای کاریگەرییەکانی دەسەڵاتەکەی و دەسەڵات لەسەر بنەمای گوتارەکانی هەقیقەتەکەی پرسیار بکات؛ کەوابوو ڕەخنە هونەری یاخیبوونێکی خۆویستە، هونەری سەرکێشییەکی ڕامانکراو. کارکردی ڕەخنە لە بنەڕەتدا ملکەچنەهێشتنی سوژە لە بەستێنی ئەو شتەدایە کە دەکرێت لە یەک وتەدا ناوی سیاسەتی هەقیقەتی لێ بنێیت.

هێندە لەخۆباییم کە وا بیر بکەمەوە ئەم پێناسەیە لەگەڵ ئەو تایبەتمەندییە ئەزموونییەی کە هەیەتی و هەروەها لەبەر ئەو مەودا نزیک و گونجاوەی کە لە ئاستی وردبوونەوەیەکی مێژوویی هەیەتی، زۆر لەو پێناسەیەی کە کانت بەدەستیەوە دەدات جیاواز نییە: مەبەستم پێناسەی ڕەخنە نییە، بەڵکوو ڕێک پێناسەی شتێکی دیکەیە. ئەم پێناسەیە لەڕاستیدا زۆر لەو پێناسەیەی کە کانت لە ڕۆشنگەری[۵] هەیەتی دوور نییە. لێرەدا سەیری ئەم تایبەتمەندییانە دەکەین کە کانت لە دەقی ١٧٨۴ خۆی سەبارەت بە ڕۆشنگەری چییە؟ باسی لێکردووە؛ [یەکەم] ڕۆشنگەری وەکوو دۆخێکی دیاریکراو لە پێنەگەیشتوویی پێناسە دەکات، بارودۆخێک کە بەزۆر و لەڕێگەی ئۆتۆریتەیەکەوە مرۆڤبوونی تیایدا دەهێڵنەوە. دووەم ئەوەی کە کانت ئەم پێنەگەیشتووییە پێناسە دەکات و بە بەراورد لەگەڵ شێوەیەک لە بێتوانایی دیاریکراو کە مرۆڤبوونی تیایدا هێشتراوەتەوە تایبەتمەندییەکانی ئەژمار دەکات، بێتواناییەک لە بەکارهێنانی تێگەیشتنی خۆت بێ ئەو شتەی کە ڕێک ڕێنوێنی کەسێکی دیکەیە؛ کانت وشەی leiten [ڕینوێنی] بەکار دێنێت کە مانایەکی ئایینی تەواو پێناسەکراوی لەباری مێژووییەوە هەیە. سێیەم، من وا بیر دەکەمەوە کە کانت ئەم بێتواناییە لەڕێگەی هاوپەیوەندییەکی دیاریکراو پێناسە دەکات؛ ئەم هاوپەیوەندییە لە لایەکەوە لەنێوان زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانی دەسەڵاتێکدایە کە مرۆڤایەتی لەم دۆخی پێنەگەیشتوویەتیدا دەهێڵێتەوە و لە لایەکەوە ئەو شتەیە کە وەک نەبوونی بڕیاردان و بوێری سەیری کردووە و ناوی لێناوە. لە دەرەنجامدا، ئەم شێوە پێناسەیە لە ڕۆشنگەری تەنیا جۆرێک لە پێناسەیەکی مێژوویی و هزری نییە. لەم پێناسەیەی ڕۆشنگەرییەدا شتێک هەیە کە بێگومان کەمێک گاڵتەجار دەبێت ئەگەر وەک ئامۆژگاریکردن باسی لێبکەین، بەڵام هەر چۆنێک بێت بانگهێشتێکە بۆ بوێری کە ئەو لەم پێناسەی ڕۆشنگەرییەدا بەو شێوەیە وەسفی دەکات. نابێ لەبیری کەین کە ئەم باسە وتارێکە بۆ ڕۆژنامە نووسراوە. بەجێگەیە توێژینەوەیەک سەبارەت

بە پەیوەندییەکانی نێوان فەلسەفە و ڕۆژنامەگەری لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەم بەدواوە بکرێت... مەگەر ئەوەی ئەم جۆرە توێژینەوە ئەنجام درابێت، بەڵام من دڵنیا نیم... زۆر سەرنجڕاکێشە ببینین کە لە چ قۆناغێک بەدواوە، فەیلەسوفەکان هاتوونەتە ناو ڕۆژنامەکانەوە هەتا شتێک بڵێن کە لەباری فەلسەفییەوە سەرنجیان بۆ لای ڕاکێشراوە و لەم ڕێگەوە کەوتوونەتە ناو پەیوەندییەکی دیاریکراو لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک کە کاریگەری بانگهێشتێکی هەبووە. هەروەها لە ئاکامدا ئەم تایبەتمەندییانە دەردەکەوێت کە لە دەقی سەبارەت بە ڕۆشنگەری، کانت ڕێک باس لە ئایین، یاسا و ناسین وەک چەند نموونەیەک لە هێشتنەوەی مرۆڤ لەناو دۆخی پێنەگەیشتووی دەکات و لە دەرەنجامدا قسە لەسەر چەند نموونەیەک لەو شوێنانە دەکات کە ڕۆشنگەری دەبێ ئەم بارودۆخی پێنەگەیشتوویيان تیادا نەهێڵێتەوە و بە شێوەیەک مرۆڤەکان پێبگەیەنێت. ئەو بابەتەی کانت ڕۆشنگەری پێدەڵێت، لەڕاستیدا هەمان ئەو شتەیە کە من کەمێک لەمەوبەر هەوڵمدا وەک ڕەخنە وەسفی بکەم؛ ئەم هەڵوێستەی ڕەخنەگرانە وەکوو هەڵوێستەیەکی تایبەتیی لە جیهانی ڕۆژئاوادا دەردەکەوێ کە بە باوەڕی من دەستپێکەکەی، بە شێوازێکی مێژوویی، لە پرۆسەی گەورەی حکومەتمەندسازی کۆمەڵگادا بووە. کانت لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم ڕۆشنگەرییەدا (کە درووشمەکەی هەر وەک دەزانن و کانتیش وەبیرمان دەهێنێتەوە، "sapere aude"یە [بوێر بە و بزانە] و هەڵبەت هاوڕێ لەگەڵیدا دەنگی فرێدێریکی دووەمە[۶] کە دژ بەوە دەڵێت: "هەرچەندە دەیانەوێت با بیرکەنەوە، بەو مەرجەی ملکەچ بن.")، چۆن ڕەخنە پێناسە دەکات؟ هەرچەند ئەم داخوازییەم نییە کە شێوازی وردبوونەوە و دژوارییە فەلسەفییەکەی پرۆژەی ڕەخنەی کانتیم بە هی خۆم داناوە و بە خۆشم ڕێگەی ئەوە نادەم لە بەرامبەر ئەم بیسەرە فەیلەسوفانەدا ئەو کارە بکەم، چونکە بۆ خۆم فەیلەسوف نیم و بەئاستەم ڕەخنەگرم... بە هەر شێوەیەک بێت، چۆن دەکرێ لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم ڕۆشنگەرییەدا، جێی ڕەخنە لەناو ئەو مانا وردەی کە لێی مەبەست دەکرێ بکەینەوە؟ ئەگەر لەڕاستیدا کانت بانگهێشتی تەواوی ئەم بزاڤی ڕەخنەیە دەکات کە لە ڕۆشنگەری لەپێشترە، چۆن جێگایەک بۆ ئەو شتەی کە لە ڕەخنە مەبەستیەتی دەکاتەوە؟ هەرچەند تەواو منداڵانەیە، بەڵام دەبێ بڵێم لە ڕوانگەی کانتەوە، ڕەخنە لە پەیوەندی لەگەڵ ڕۆشنگەریدا، ئەو شتەیە کە کانت بە زانایی ناوزەدی دەکات: بەڕاستی دەزانی هەتا کوێ دەتوانی بزانی؟ هەرچەندە دەتهەوێت بەڵگە بهێنەوە، بەڵام بەڕاستی دەزانی هەتا کوێ بێمەترسی، بەڵگە بهێنیتەوە؟ بەکورتی، ڕەخنە دەبێژێت کە ئازادیمان کەمتر لە هەڵسووکەوتی کەم تا زۆر بوێرانەی ئێمە دایە و زیاتر لەو بیرۆکەدا [ئایدیا] خۆی دەبینێتەوە کە لە زانینمان و سنوورەکانی هەمانە؛ و لە ئەنجامدا لەجیاتی ئەوەی کە بهێڵین ئەویدی پێمان بڵێت کە "ملکەچ بن"، و لە هەمان کاتدا کە بیرۆکەیەکی بەجێ لە زانینمان و سنوورەکانی پێک دێنین، دەتوانین ڕێسای سەربەخۆیی بدۆزینەوە و ئیتر نابێ بیبیستین کە ملکەچ بن؛ یان بە واتایەکی وردتر، ملکەچ بن لەسەر بنەمای سەربەخۆیی بۆخۆی دادەمەزرێت.

من هەوڵ نادەم دژایەتییەک نیشان بدەم کە لەنێوان شێکاری کانت بۆ ڕۆشنگەری و پرۆژەی ڕەخنەکەیدا هەیە. بە بۆچوونی من سادەیە کە نیشانی بدەین کە بە بڕوای کانت، بوێری ڕاستەقینەی زانین کە ڕۆشنگەری پشتی پێ دەبەستێت و هەر ئەم بوێری زانینە بۆخۆی، بریتییە لە دووبارەناسینەوەی سنوورەکانی زانین؛ هەروەها ئاسانە نیشانی بدەین کە بۆ کانت، سەربەخۆیی دژایەتییەکی

لەگــەڵ ملکەچی لە ئاســتی حاکماندا نییە. بەڵام بەمانەشەوە، کانت ناسینی زانین لەگەڵ هەوڵی ڕەخنە بۆ ملکەچنەهێشــتنی سوژە لە بەستێنی دەســەڵات و هەقیقەت، و هەروەها وەکوو ئەرکێکی ســەرەکی و پێشەکییەک بۆ هەر ڕۆشنگەرییەک لە ئێستا و داهاتوودا گرێ دەدات.

***

نامەوێــت لەمــە زیاتر پێداگری لەســەر ئەو دەرەنجامانــە بکەم کــە لە مــەودای نێوان ڕۆشــنگەری و ڕەخنــەدا هەیــە و کانــت دەیویســت دەستنیشــانیان بکات. من تەنیا دەمەوێت لەســەر لایەنی مێژوویی کێشەکە پێداگــری بکەم کــە بۆمــان دەگێڕێتەوە لە ســەدەی نۆزدەیەم چی ڕووی داوە. مێژووی ســەدەی نۆزدەیەم دەرفەتێکی هەراوتری بۆ درێژەدان بە بەرنامەی ڕەخنەگرتن پێشــنیار کرد کە زیاتر لەو ئاســتە بوو کە ئاراســتەی بەرنامــەی ڕۆشــنگەری کردبــوو؛ بە هەمان شــێوە کە کانــت ڕەخنەی وەکــوو جۆرێک دەستنیشــانکردنی مەودا لەگەڵ ڕۆشنگەری دادەنــا. بە واتایەکی دیکە، وا دێتە بەرچاو کە مێژووی ســەدەی نۆزدەیەم ـ و بەدڵنیاییەوە تەنانەت لە ســەدەی بیستەمدا ئەم ڕەوتە زۆر زیاتــر بووە ـ ئەگەر لایەنی کانتیش نەگرێت، لانیکەم دەبێ پشــتگیرییەکی بەرهەست بۆ ئەم هەڵوێستە ڕەخنەگرە نوێیانە دابین بکات، بۆ ئەو هەڵوێســتە ڕەخنەگرانەی کە لە ئاست ڕۆشنگەری پاشگەزبوونەتەوە؛ هەڵوێستەیەک کە کانت دەرفەتی بۆ ڕەخساند.

ئەم پشــتگیرییە مێژووییە کــە وا دیارە ڕەخنــەی کانتــی زۆر زیاتــر لــە بوێریــی ڕۆشــنگەری کەڵکی لێ وەرگــرت، تەنیا ئەم ســێ تایبەتمەندییە بنەڕەتییــە بوو: یەکەم، زانســتێکی پۆزێتیڤ، واتە زانســتێک کە لە بناخەوە متمانەی بە خۆی هەبێت، هەرچەندە ڕەخنەیەکــی وردی لە ئاســت هەر یەک لە دەرەنجامەکانیــدا هەبێت؛ دووەم، گەشــەی یەک دەوڵەت یان یەک سیستەمی دەوڵەتی کــە خۆی وەک ئەقڵ یــان ئەقڵانییبوونێکی قووڵی مێژوو ئاراســتە کردووە و هەروەها لە لایەکی تــرەوە ڕووبەرەکانی ئەقڵانیســازیی ئابوور و کۆمەڵــگای وەک ئامرازەکانی خۆی هەڵبــژاردووە؛ هەر لەم شــوێنەوە و لە خاڵی پێکگەیشــتنی ئەم پۆزێتیڤیسمە زانستییە و گەشــەی دەوڵەتەکان، تایبەتمەندی سێیەم بــەدی دەکرێــت کــە بریتییە لە زانســتی دەوڵەتــی یــان دەوڵەتبــاوەڕی. لەنێوان ئەم ســێ تایبەتمەندییــەدا، تەنراوەیەکی چڕ لە پەیوەندییــەکان چنــرا هەتا ئــەو ڕادەیە کە زانســت دەورێکی زیاتری لە گەشــەی هێزە بەرهەمهێنەرەکانــدا گێڕا؛ لە لایەکی دیکەوە، زیاتر لە جاران ئەم شێوە دەسەڵاتانەی کە لە چەشــنی دەوڵەت بوون لەڕێگەی کۆبەندێک لە تەکنیکــە بژارکراوەکانەوە بــەکار دەبران. بەمگوێرەیە، بۆمان دەردەکەوێت کە لە ساڵی ١٧٨٤، پرسیاری ڕۆشنگەری چییە؟، یان بە واتایەکی وردتر، شــێوازێک کە کانت هەوڵ دەدات جێگایەک بۆ بەرنامە ڕەخنەگرانەکەی لە ئاســت ئەو پرســیار و وەڵامــەی کە پێی دەداتەوە بکاتەوە: ئەم پرسیارکردنە سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان ڕۆشنگەری و ڕەخنە بە شێوەیەک بوونە جێی پەسەند کە گومانێک بزوێنن، یان هەر چۆنێک بێت، زیاتر لە جاران پرسیارکردنێکی گوماناوی ساز بکەن؛ هەر ئەم ئەقڵە بۆخۆی بەشێوەیەکی مێژوویی بەرپرسی کام یەک لە زێدەڕۆییەکانی دەسەڵات و کامە شــێوازی حکومەتمەندسازییە کە هەر چەندە پاســاوی ژیرانەی بۆ بهێنێتەوە هێشتا ناکرێ لێی دەرباز ببێت؟

بــەڵام بەپێی بیرۆکەی مــن گۆڕانکاری ئەم پرسیارە لە ئاڵمان و فەرەنسە تەواو وەک یەک نییــە و ئەمە لەبەر هۆکارگەلێکی تەواو مێژوویی بووە کە دەبێ شیکارییان بۆ ئەنجام بدرێت، چونکە هۆکانی ئاڵۆزکاون.

بەشــێوەیەکی گشــتی، دەتوانین بڵێین

کە ڕەنگە گەشەی دەوڵەتی باش، تەواو نوێ و ئەقڵانی لە ئاڵمان کەمتر لەو پابەندییە درێژخایەنەی کە زانکۆکان بە Wissenschaft [زانست] بوویانە و پشتیان بە پێکهاتە ئیداری و دەوڵەتییەکان بەستووە دەوری هەبووە، ئەم ڕەوتە بە هۆی ئەم گومانەوە ساز بووە کە شتێک لە ئەقڵانیبوون و تەنانەت لە ئەقڵ بۆخۆیدایە کە بەرپرسی زێدەڕۆیی دەسەڵاتە؛ وا بزانم ئەم گومانە بەتایبەت لە ئاڵمان گەشەی سەندووە و ئەگەر بمانەوێت بەکورتی لەبارەیەوە بدوێین، بەتایبەت لەو شتەدا گەشەی سەندووە کە دەکرێ چەپی ئاڵمانی پێ بگووترێت. هەر چۆنێک بێت، لە چەپی هێگڵییەوە هەتا قوتابخانەی فرانکفۆرت، ڕەخنەیەکی هەمەلایەنە لە پۆزیتیڤیسم، ئۆبژێکتیڤیسم، ئەقڵانیبوون، لە تێخنە و تەکنیکی کردن لە ئارادا بووە، ڕەخنەیەکی هەمەلایەنە لە پەیوەندییەکانی نێوان پرۆژەی بنەڕەتی زانست و پرۆژەی بنەڕەتی تەکنیک. ئامانجی ئەم ڕەخنەیە دەرخستنی پەیوەندییەکانی نێوان پرکێشی ساویلکانەی زانست لە لایەکەوە و شێوازەکانی زاڵبوونی کۆمەڵگایەکی هاوچەرخی تایبەت لە لایەکی دیکەوە بووە. ئەگەر باس لە کەسێک وەک نموونە بکەین، کە بێگومان دوورترین کەس لەو بابەتە بێت کە دەکرێ ڕەخنەی چەپی پێ بگووترێت، دەبێ ناوی هوسێرل بهێنینەوە کە لە ساڵی ١٩٣٦، قەیرانی هاوچەرخی مرۆڤایەتی ئەورووپایی بۆ شتێک گەڕاندەوە کە تیایدا پرسیار لە پەیوەندییەکانی نێوان زانین و تەکنیک لەڕێگەی ئێپیستێمەوە بۆ تێخنە ئاراستە دەکرا.

لە فەڕەنسە، هەلومەرجەکانی بەکارهێنانی فەلسەفە و تێڕامانی سیاسی زۆر جیاواز بووە. هەروەها بەمگوێرەیە وا سەیر ناکرێ کە ڕەخنە لە ئەقڵی لافلێدەر و کاریگەرییە تایبەتەکانی دەسەڵاتەکەی بەشێوەیەکی یەکسان بەرەو پێش بردرابێت. هەروەها من بەم شێوەیە بیر دەکەمەوە کە لە ئاستی بیرکردنەوەیەکی ڕاستدا کەسێک دەتوانێت ئەم بیرۆکەیە ڕێک بخات کە لە سەدەی نۆزدەیەم و بیستەم ئەم تاوانبارکردنە مێژووییەی ئەقڵ یان ئەقڵانیکردن لەژێر ناوی ئەو کاریگەرییانەی دەسەڵاتدا بەدی دەکرێن کە ئەقڵ لەگەڵ خۆی دەیهێنێت. بە هەر شێوەیەک بێت، بەرەیەک کە بزاڤی ڕۆشنگەری و شۆڕش دایانمەزراند، بێگومان بە شێوازێکی گشتی بەربەستێکیان ساز کرد کە ئەم پەیوەندییەی نێوان ئەقڵانیکردن و دەسەڵات بەشێوەیەکی ڕاستەقینە و قووڵ نەکەوێتە ژێر پرسیارەوە؛ هەروەها ڕەنگە ئەم ڕاستییە کە بزاڤی چاکسازی ئایینی، واتە ئەو شتەی کە بە باوەڕی من، لە ڕیشە قووڵەکانیدا، یەکەمین بزاڤی ڕەخنە وەکوو هونەری حکومەت بەسەردا نەکران بوو، لە فەڕەنسە ئەو پەرەسەندنە و سەرکەوتوویییەی نەبوو کە لە ئاڵماندا هەیبوو؛ هەر ئەمە بەروونی دەریدەخات کە لە فەڕەنسە ئەم تێگەی ڕۆشنگەرییە لەگەڵ هەموو ئەو کێشانەیدا کە پێشانی دابوو، بەشێوەیەکی گشتی پەسەند نەکرابوو و سەرەڕای ئەمە، ئەم تێگەیە هەرگیز وەک سەرچاوەیەکی مێژوویی لێ دەرنەهات هەتا وەک کاریگەرییە گرنگەکەی لە ئاڵماندا دەرکەوێت. دەبێ بڵێم کە ئێمە لە فەڕەنسە بە بایەخدانانی سیاسی بۆ فەیلەسوفەکانی سەدەی هەژدەیەم بەسەندەمان کرد، لە هەمان کاتدا تەنانەت لێنەهاتوویی هزری بزاڤی ڕۆشنگەری وەکوو بڕگەیەکی کەم بایەخ لە مێژووی فەلسەفەدا ڕەچاو کرا. بەپێچەوانەوە لە ئاڵمان ئەو شتەی کە ڕێک لە Aufklärung فامدەکرا، چاک یان خراپ، گرنگییەکی کەمی پێدەدرا، بەڵام وەکوو دەرکەوتەیەکی پرشنگداری چارەنووسی قووڵی ئەقڵی ڕۆژئاوایی، بەدڵنیاییەوە، وەک بڕگەیەکی گرنگ سەیر دەکرا. لە ڕۆشنگەریدا و لە تەواوی ئەم قۆناغەدا کە بەسەر یەکەوە لە سەدەی شانزەیەم هەتا هەژدەیەم وەکوو

سەرچاوەیەک بۆ تێگەیەی ڕۆشنگەری سەیر دەکرا، هەوڵێک بۆ شفرە دۆزینەوە و دووبارەناسینەوەی بەرچاوترین ڕووبەری ئەقڵی ڕۆژئاوایی لە ئارادا بووە؛ لە کاتێکدا سیاسەت کە لەگەڵ ئەم ڕووبەرە لە پەیوەندیدا بوو، وەک بابەتی تاقیکرنەوەیەکی گوماناوی لێ دەرهات. بە شێوەی گشتی، ئەم بابەتە کەندەڵانێکی هەراو نیشان دەدات کە تایبەتمەندییەکانی شێوازی کێشەی ڕۆشنگەری لە فەرەنسە و ئاڵمان لە سەدەی نۆزدەیەم و سەرتانسەری نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دەردەخات.

بە باوەڕی من لەم ساڵانەی دواییدا و لە فەرەنسە دۆخەکە تووش گۆڕان هاتووە؛ و لەڕاستیدا، وا دێتە بەرچاوم کە لە فەرەنسە بە سەردەمێک دەگەین کە دەستپێکردنەوەی سەرلەنوێی ئەم کێشەی ڕۆشنگەرییە (بە هەمان شێوە کە بۆ بیرمەندە ئاڵمانییەکان لە مێندێلسۆن و کانت هەتا هێگڵ، نیچە، هوسێرل، قوتابخانەی فرانکفۆرت و ئەوانی دیکە گرنگ بووە) ڕێک لە نزیکایەتییەکی هەتا ڕادەیەک مانادار لەگەڵ بەرهەمەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرتدا گونجاوە. هەروەها دەبێ بەکورتی باس لەوە بکەم ــ و ئەمە مایەی سەرسوورمان نییە ــ کە دیاردەناسی و ئەو کێشانەی ئاراستەی دەکردن توانییان ئێمە بۆ پرسیاری ڕۆشنگەری چییە بگەڕێننەوە. ئەم پرسیارە لەڕاستیدا لەسەر بنەمای پرسیار لە مانا و پرسیار لەو شتەی کە دەتوانێت مانا پێک بێنێت، بۆ لای ئێمە گەڕایەوە. چۆن دەکرێت مانا لە بێماناوە سەر هەڵبدات؟ چۆن مانا پێک دێت؟ پرسیارێک کە بەڕوونی دەیبینین تەواوکەری ئەم پرسیارەی ترە: چۆن وای لێهات کە بزاڤی مەزنی ئەقڵانیکردن ئێمەی بەرەولای ئەم هەموو هەراوهۆریایە، ئەم هەموو شەیداییە، ئەم هەموو بێدەنگی و ئەم هەمو سازوکارە خەمبارە ڕێنوێنی کرد؟ دوابەدوای هەموو ئەمانە، نابێت لەبیری کەین کە هێڵنج [La Nausée: سارتر] نزیک لە قەیران [ی زانستی ئەورووپایی (Krisis) هوسێرل] نووسرابوو. هەروەها دوابەدوای شەڕ [دووەمی جیهانی]، لەسەر بنەمای ئەم شیکارییانە و لەڕێگەی کورتەڕێیەکی سەیرەوە، کێشەی نێوان ratio [ئەقڵ] و دەسەڵات دیسانەوە دەرکەوت: شیکاری ئەوەی کە مانا تەنیا درووستکراوی سیستەمە زۆردارەکییە بەتایبەتمەندیکراوەکانی ماشینی ئاماژەپێکراوە؛ لەسەر بنەمای شیکاری ئەم ڕاستییە کە مانا تەنیا لەڕێی کاریگەرییەکانی زۆرەملی تایبەتیی پێکهاتەکان بوونی هەیە. هەروەها بەم شێوەیە بیر دەکەمەوە (و بەدڵنیاییەوە دەبێ لەمبارەوە توێژینەوەیەک ئەنجام بدرێت) کە شیکارییەکانی مێژووی زانستەکان، هەموو ئەم کێشەسازکردنەی مێژووی زانستەکان (کە بێگومان ئەم کێشەیەش لەو دیاردەناسییەدا ڕیشەی هەبوو کە لە فەرەنسە و لەڕێگەی کاڤایە، باشلار، ژۆرژ کانگیلیم، درێژەی بە مێژوویەکی تەواو جیاواز دا) و کێشەی میژوویی مێژوومەندی زانستەکان، هەندێک پەیوەندی و لێکچوونیان لەگەڵ کێشەی درووستکردنی مانادا هەیە و هەتا ڕادەیەک دووبارەیان دەکەنەوە: چۆن ئەم ئەقڵانیبوونە لەدایکبووە؟ و لە شتێکی تەواو جیاوازەوە بیچمی گرتووە؟ و بەم شێوەیە هەڵگەڕاوە و بەپێچەوانەی کێشەی ڕۆشنگەری: چۆن ئەقڵانیکردن بەرەو شەیدایی بۆ دەسەڵات ڕێنوێنی دەکرێت؟

کەواتە، چ ئەم بابەتە چەند لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە درووستکردنی مانا بێت و بۆمان دەرکەوێ کە مانا تەنیا درووستکراوی پێکهاتە زۆرەملییەکانی ئاماژەیە؛ چ چەند لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی مێژووی ئەقڵانیبونی زانستیی بێت و هاوکات بزانین کە کاریگەرییە زۆردارەکییەکان پەیوەندییان لەگەڵ بەدامەزراوەکردنی ئەم ئەقڵانیبوونە و درووستکردنی مۆدێلەکانەوە هەیە؛ من پێموایە هەموو ئەمانە، هەموو ئەم


لێکۆڵینەوە مێژووییانە، تیشکێک لە ڕووناکی بەربەیان بوون کە لەڕێگەی جۆرێک دەلاقەی ئەکادێمیکەوە دەرکەوتبوون و لەگەڵ تەواوی تەوژمی بنەڕەتی مێژوومان لە سەدەیەک لەمەوبەرەوە دەگونجان. چونکە لەڕێگەی ئەم داخوازییەوە کە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی یان ئابورییەکەمان ئەقڵانیبوونی تێدا نییە؛ هەر چۆنێک بێت بەدڵنیاییەوە ــ نازانم ئەم وتەیە زۆر ئاقڵانەیە یان بە شێوەیەکی پێویست ژیرانە نییە ــ لەگەڵ زۆربوونی دەسەڵات بەرەوڕوو دەبینەوە؛ بە گوشاری بیستنی پیاهەڵگووتنی بەڵێنەکانی شۆڕش (نازانم لەو شوێنەدا کە ئەم شۆڕشە لەڕاستیدا سەری هەڵداوە باش بووە یان خراپ)، بەرەوڕووی مەندییەکی دەسەڵات دەبینەوە کە بەشێوەیەکی بێسنوور خۆی هێشتووەتەوە؛ هەروەها لەڕێگەی بیستنی داخوازی پێکناکۆکی لەنێوان ئایدیالۆژییەکانی توندوتیژی و بیردۆزەی بەڕاستی زانستیی لەمەڕ کۆمەڵگا، پرۆلتاریا و مێژوو، لەگەڵ دوو شکڵ لە دەسەڵات ڕووبەڕوو بووینەوە کە وەکوو دوو برا لە یەک دەچن: فاشیزم و ستانیلیزم. کەوابوو پرسیاری ڕۆشنگەری چییە؟ دیسانەوە دەگەڕێتەوە. بەمگوێرەیە، ریزێک لە کێشەکان دەردەکەونەوە کە شیکارییەکانی ماکس ڤێبێر نیشان دەدەن: ئێمە لەگەڵ ئەم ئەقڵانیبوونەی کە دەکرێ لەبارەیەوە بڵێین نە تەنیا بەتایبەتمەندیکردنی هزر و زانستی ڕۆژئاوایی لە سەدەی شانزە و بەرەو ئەملایە، بەڵکوو هەروەها بەتایبەتمەندیکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ڕێکخراوە دەوڵەتییەکان، کاروبارە ئابوورییەکان و ڕەنگە تەنانەت ڕەفتاری تاکە کەسەکانیشە، چ پەیوەندییەکمان هەیە؟ ئێمە لەگەڵ ئەم ئەقڵانیبوونە لە توێی کاریگەرییە ناچارەکییەکانی و ڕەنگە لەناو کاریگەرییە لێڵکەرەکانی، یان ئەو کاریگەرییانەی کە سەقامگیرییەکی ڕوو لە گەشە و بەربڵاوی سیستەمێکی بەرینی زانستی و تەکنیکییان هەیە (ئەو سەقامگیرییەی هیچ کات بەشێوەیەکی ڕادیکاڵ پرسیاری لێنەکراوە)، چ پەیوەندییەکمان هەیە؟

سەبارەت بەم کێشەیە، کە بەڕاستی لە فەرەنسە ناچارین دووبارە بە ئەستۆی گرین، واتە پرسیاری ڕۆشنگەری چییە؟ دەتوانین لە چەند ڕێگای جیاوازەوە بۆچوونمان لەبارەیەوە هەبێت. ئەو ڕێگایەی کە دەمەوێت لەم کێشەیە نزیک ببمەوە، بە هیچ شێوەیەک (و دەمەوێت ئێوە باوەڕم پێ بکەن) لەڕووی بۆچوونێکی ڕەخنەگرانە یان مەشتومڕهەڵگرەوە نییە. کەواتە، دوو بابەت دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە من بە شوێن شتێک جگە لە نیشاندانی جیاوازییەکانەوە نەبم و بەشێوەیەک بەدوای بینینی ئەوەوە بم کە هەتا کوێ دەکرێ شێوازەکانی شیکاری ئەم کێشەی ڕۆشنگەری چییە؟ پەرە پێ بدرێ، لە یەکتر هەڵاوارده بکرێ و تەنانەت لەجێی خۆی ڕابگوێزرێت؛ کێشەیەک، کە لەگەڵ هەمووی ئەمانەدا، ڕەنگە کێشەی فەلسەفەی مۆدێرن بێت.

بەنزیکبوونەوە لەم کێشەیە کە ئێمە لەگەڵ قوتابخانەی فرانکفۆرت دەکات بە دەستەبرا، دەمەوێت دەستبەجێ نیشان بدەم کە لە هەر حاڵدا ئەوەی کە ئێمە ڕۆشنگەری وەک پرسیاری ناوەندی سەیر دەکەین، بەدڵنیاییەوە چەند مانایەک لەخۆ دەگرێت. سەرەتا بەم مانایە گیرۆدەی کردارێک دەبین کە دەکرێ ناوی کردارێکی مێژوویی ـ فەلسەفی لێ بنێین کە هیچ پەیوەندییەکی بە فەلسەفەی مێژوو و مێژووی فەلسەفەوە نییە. ڕێک کردارێکی مێژوویی ـ فەلسەفی و من ئەم مەبەستەی لێ دەکەم: مەودایەک لە ئەزموون کە ئەم کارە فەلسەفییە سەرچاوەی پێ دەدات، بە هیچ شێوەیەک مەودایەکی تر ناسڕێتەوە. ئەم کردارە ئەزموونێکی دەروونی نییە، پێکهاتە بنەڕەتییەکانی زانینی زانستی نییە، کۆمەڵەیەک لە ناوەڕۆکگەلێکی مێژوویی لە شوێنێکی دیکەشدا نییە کە بەوردکارییەوە

له لایەن مێژوونووسەکانەوە ئامادە کرابێت و وەکوو چەند بابەتێکی راستەقینەی حازر ـ بەدەست پەسەند کرابێت. لەراستیدا، لەناو ئەم کرداری مێژوویی ـ فەلسەفییەدا، دەبێ مێژوویەکی تایبەت بەخۆمان بهۆنینەوە؛ دەڵێی بەهۆی خەیاڵکردنەوە، مێژوویەک بەرهەم دێت کە لەرێگەی پرسیار لە پەیوەندییەکانی نێوان پێکهاتەکانی ئەقڵانیبوون (کە گوتاری راستەقینە و سازوکارەکانی سوژەـملکەچییەک کە پەیوەندییان پێوە هەیە چێ دەکات) خۆی تێدەپەرێنێت. پرسیارێک کە بەروونی دەیبینین ئەوەیە کە بۆ مێژوونووسەکان جێگۆرکێ بە بابەتە مێژوویە ناسراوەکان بەرەو لای کێشەی سوژە و هەقیقەت دەکات کە ئەوان زۆربەی کات ئاوریان لێ نەداوەتەوە. هەروەها دەبینین کە ئەم پرسیارە کاری فەلسەفی، هزری فەلسەفی و شێکاری فەلسەفی لەناو ئەو ناوەرۆکە ئەزموونیانەدا بەخزمەت دەگرێ کە رێک ئەم پرسیارە نیشانیان دەدات. کەوابوو مێژوونووسەکان لەهەمبەر ئەم کارە مێژوویی یان فەلسەفییە دەبێژن: "بەڵێ، هەڵبەتە؛ بەڵێ، رەنگە وا بێت." هەر چۆنێک بێت، ئەم کارە هیچ کاتێک بەم شێوەیە نییە؛ چونکە ئەم تیکەڵپێکەڵییە لە دەرەنجامی جێبەجێییەک بەرەو سوژە و هەقیقەت روو دەدات کە پێشتر قسەم لەبارەیەوە کرد. هەروەها فەیلەسوفەکانیش تەنانەت ئەگەر رواڵەتی باڵندەیەکی شاخدار بە خۆوە نەگرن کە سووکایەتی پێکراوە، بە شێوەی گشتی وا بیر دەکەنەوە کە "لەگەڵ هەمووی ئەمانەشدا، فەلسەفە لەراستیدا شتێکی دیکەیە"، و ئەمە لەبەر کاریگەری کەوتنەخوارەوەیە، لەبەر گەرانەوە بۆ ئەزموونمەندییە کە تەنانەت ئەزموونی دەروونیش پشتیوانی لێ ناکات.

بۆ ئەم دەنگە لاوەکییانە هەموو ئەو گرنگییەی کە هەیانە دایبنێین و لەراستیدا گرنگییەکی زۆریشیان هەیە. ئەم دەنگانە لانیکەم بەشێوازێکی نەرێنی نیشانیان داوە کە ئێمە لەرێگایەکی دروستدا هەنگاومان هەڵهێناوە، واتە لەرێگەی ئەو ناوەرۆکە مێژووییانەوە کە ئامادەیان دەکەین و لەگەڵیاندا پەیوەندیمان هەیە؛ چونکە ئەم ناوەرۆکانە راستەقینەن یان لە ئاستی راستەقینەدا بایەخیان بۆ دادەندرێت؛ لێرەوە ئەم پرسیارە ئاراستە دەکەین: "کەواتە من چیم؟"، ئەو منەی کە ئەندامێک لەم مرۆڤبوونەیە، رەنگە لەم کەمایەتییە بێت، لەم کاتوساتە، لەم چرکەساتەی مرۆڤایەتی کە سوژە بەشێوەیەکی تایبەت ملکەچی دەسەڵاتی هەقیقەت و بەشێوەیەکی گشتی ملکەچی دەسەڵاتی هەقیقەتەکانە؟ سوژەسرینەوە لە پرسیاری فەلسەفی لەرێگەی دەستەوداوێنبوون بە ناوەرۆکی مێژوویی، هەروەها ئازادکردنی ناوەرۆکە مێژووییەکان لەرێگەی پرسیارکردن دەربارەی کاریگەرییەکانی دەسەڵات (کە بەگوێرەی پێشگریمانە، هەقیقەت لەگەڵ ئەم کاریگەرییانە پەیوەندی هەیە) بەشێوەیەک یەکەمین تایبەتمەندی ئەم کردارە مێژوویی ـ فەلسەفییە پێک دێنن. لە لایەنێکی دیکەوە، ئەم کردارە مێژوویی ـ فەلسەفییە بەروونی لەگەڵ ئەو سەردەمەی کە بەشێوەیەکی ئەزموونی دیاریکراوە، پەیوەندییەکی درەوشاوەی هەیە: تەنانەت ئەگەر ئەم سەردەمە هەتا رادەیەک و بەشێوەیەکی پێویست ناروون و نادیار بێت، سەردەمی رۆشنگەری بەدڵنیاییەوە وەکوو قۆناغی بیچمگرتنی مرۆڤایەتی مۆدێرن دیاری دەکرێت. رۆشنگەری لە مانای بەربڵاوی ئەم زاراوەدا کە کانت، ڤێبێر و کەسانی دیکە سەرچاوەیان پێ دەدا، سەردەمێکە بێ رێکەوتێکی دیاریکراو، بە رێگای چوونەژوورەوەی فرەرەهەند؛ چونکە دەکرێ بەم جۆرانە پێناسە بۆ ئەم سەردەمە بکرێت: لەرێگەی بیچمگرتنی کاپیتالیزم [سەرمایەداری] ، درووستبونی جیهانی بورژوازی، سەقامگیری سیستەمەکانی



دەوڵــەت، دامەزراندنی زانســتی نوێ لەگەڵ هەمــوو هاوپەیوەندییــە تەکنیکییەکانــی، لەڕێگــەی ڕێکخســتنی بەرنگاربوونەوەیەک کــە لەنێوان هونــەری حکومەتکرانەوە هەیە لەهەمبەر بە هەمان ئەندازە هونەری حکومەت بەسەردا نەکران. لە دەرەنجامدا، سەردەمێکی درەوشــاوە بــۆ کاری مێژوویی ـ فەلســەفی دەرەخســێت، چونکە لــەم ســەردەمەدایە کە بەشــێوەیەک ئــەم پەیوەندییانەی نێوان دەسەڵات، هەقیقەت و سوبژە لەسەر ڕووبەری گۆڕانکارییــە بەرچاوەکانــدا دەردەکــەون و دەمێننــەوە. بــەڵام هەروەها ئەم ســەردەمە درەوشــاوەیە، ئــەم مانایــە لەخــۆ دەگرێت کــە دەبێ بــۆ هێڵــی تێپەڕبوونــی تەواوی ڕیزبەندەکانــی مــەودا گونجاوەکانــی دیکە، منداڵدانێــک لێی پێک بێنێــت. دەبێ بڵێین لەبەر بەدرەوشاوەدانانی سەدەی هەژدەیەم و خۆشەویستییەک کە بۆیمان هەیە بەرەوڕووی کێشەی ڕۆشنگەری نابینەوە؛ دەبێ لەجیاتی ئەم بابەتە بگووترێت کە بەهۆی ئەوەی ئێمە دەمانەوێت لەبنەڕەتەوە کێشــەی ڕۆشنگەری چییە؟ ئاراســتە بکەین لەگەڵ نەخشەبەندی مێژوویی مۆدێرنیتەکەمان بەرەورووی دەبینەوە. خاڵی ســەرنجراکێش ئەمە نییــە کە بڵێین یۆنانییەکانــی ســەدەی پێنجــەم [بــەر لە زایین] کەمێک لە فەیلەســوفەکانی سەدەی هەژدەیەم دەچــن یان ســەدەی دوانزەیەم پێشــەنگی ڕێنێســانس بووە، بەڵکــوو دەبێ هەوڵ بــۆ بینینی ئەوە بدەیــن کە لە توێی چ بارودۆخێک و بە نرخــی کامە گۆڕانکاری یــان گشــتاندنێک، دەکرێ ئەم پرســیاری ڕۆشنگەرییە، واتە پرسیار لە پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵات، هەقیقەت و سوژە سەبارەت بە هەر چرکەیەک بەکار بێنین.

بەم شێوازەیە کە من چوارچێوەی گشتی ئەم توێژینەوە بە مێژوویی ـ فەلسەفی ناوزەد

دەكەم. هەنووكــە دەبينين كە چۆن دەكرێ ئەم توێژینەوە بەرێوە بەرین.

***

پێشــتر گووتم كــە دەمەوێ هــەر چۆنێک بێت شــوێن پێی رێــگا گونجاوەكانی دیكە بەشــێوەیەكی تەواو ناروون هەڵبگرم، ئەمانە جگە لەو رێگایانەن كە وا دێتە بەرچاوم هەتا ئێســتا خۆویستانە روون كراونەتەوە. هەروەها ئەمــە بەو مانایە نییە كە رێگاكانی دیكە بەوە تۆمەتبــار كەین كە بە شــوێنێک ناگەن یان دەرەنجامێكی بایەخداریان لێ ناكەوێتەوە. من تەنیا دەمویســت بڵێم و پێشنیاز بكەم كە وا تێدەگــەم لە كانت بــەملاوە و لەبەر كانت و بەشــیمانەوە لەبەر جیابوونەوەیەک كە ئەو لە نێوان رۆشــنگەری و رەخنــە باوی كرد، ئەم پرسیار لە رۆشنگەرییە لەبنەرەتەوە لە چێوەی زانیندا سەری هەڵداوە، واتە بە دەستپێک لەو شــتەی كە چارەنووســی مێژوویی زانین لە كاتی درووستبونی زانستی مۆدێرندا هەیبووە؛ هەروەها واتە بە پشــكنینی ئەو شــتەی لەم چارەنووســەدا پێشتر نیشــانەی كاریگەرییە نادیاریكراوەكانــی دەســەڵات بــووە و ئــەم پرسیارە ناچارەكیانە لەرێگەی ئۆبژێكتیڤیسم، پۆزێتیڤیسم، تەكنیكباوەری و هتد لەگەڵیاندا پەیوەنــدی هەبووە؛ هەروەها لەرێگەی رۆنانی پەیوەندی ئەم زانینە لەگەڵ هەلومەرجەكانی درووســتكردن و رەوابوونی هــەر زانینێكی گونجــاو و لــە ئەنجامدا لەگەڵ پشــكنینی ئــەوەی كە چۆن لە مێــژوودا، تێپەربوون لە رەوابوونــەوە (وەهــم، هەڵــە، لەبیرچوونەوە، بووژاندنــەوە و هتــد) ئەنجامــی گرتووە. لە یەک قســەدا، ئەمە شــێوازی شــیكارییەكە كە بەرای من بەشــێوەیەكی قووڵ لەرێگەی جیــاوازی و كەڵێنێــک كە كانــت لە نێوان رەخنە و رۆشنگەری داینا، بەدی دەكرێت. بە باوەری من لەم سەردەمە بەدواوە، شێوازێكی شــیكاریمان هەیە كە زۆربەی كات پەیرەوی لێكــراوە؛ دەكــرێ ئەم شــێوازە شــیكارییە وەک لێكۆڵینەوەیەكــی ورد لەمەر رەوابوونی شــێوە مێژووییەكانی زانیــن دابندرێت. هەر چۆنێک بێت، تێگەیشتنی ژمارەیەكی زۆر لە فەیلەسوفەكانی سەدەی هەژدەیەم و هەروەها دیلتای، هابێرماس و ئەوانی تر لەم شــێوازی شــیكارییە بــەم جۆرەیە. بــە واتایەكی زۆر سادەتر: زانین كامە ئایدیای هەڵەی لە خۆی پێكهێنــاوە و بەرەورووی كامــە بەكارهێنانی زێدەرۆیانە لەخۆی بووەتەوە و كەوابوو لەگەڵ كامە زاڵبووندا پەیوەندی هەیە؟

زۆر باشە! ئێســتاكە لەجیاتی ئەم شێوازە كــە شــكڵی لێكۆڵینەوەكــە ســەبارەت بە رەوابوونی شــێوە مێژووییەكانی زانین بەدی دەكات، رەنگــە بكرێــت شــێوازێكی جیاواز رەچاو بگرین. ئەم شێوازە بۆ چوونەژوورەوە بۆ ناو پرسیاری رۆشنگەری، دەتوانێت لەجیاتی كێشــەی زانین، كێشەی دەســەڵات رەچاو بگرێت؛ ئەم شێوازە نە وەكوو لێكۆڵینەوەیەک لەمەر رەوابــوون بەڵكوو وەكوو ئەو شــتەی كــە مــن دەمەوێــت نــاوی تاقیكردنەوەی رووداوچێكردنــی لــێ بنێــم، بــەرەو پێش دەروات. لەبەر ترســناكی ئەم وشــەیە داوای لێبوردنتــان لێدەكــەم! دەی كەوایە، مانای ئەم وشــەیە چییە؟ مەبەستی من لە شێوازی رووداوچێكــردن (رەنگە مێژوونووســەكان لە داخ و خەفەتدا هاوار بكەن) ئەمەیە: ســەرەتا ســەرنجی چەند كۆمەڵەیەک لە توخمەكان بدەین كە لەم كۆمەڵانــەدا دەكرێ لە بواری یەكەمدا بەشێوەیەكی تەواو ئەزموونی و كاتی، چەند پەیوەندییەک لەنێوان ســازوكارەكانی زۆرەملی و ناوەرۆكەكانی زانین پێناسە بكرێت. ســازوكارە [مێكانیــزم] جــۆرە جیاوازەكانی زۆرەملــی و هەروەهــا رەنگــە توخمەكانی یاســادانان، رێساكان، شــێوەكانی رێكخستی مادی، دیاردەی دەســەڵاتێكی بەزۆر و هتد؛ ناوەرۆكەكانی زانین كە بەشێوەیەكی یەكسان لە جۆراوجۆری و جیاوازییەک كە لە نێوانیاندا هەیە رەچــاو دەكرێن و لەرووی بەســتێنی

ئەو کاریگەرییانەی دەسەڵاتەوە سەیر دەکرێن کە ئەم ناوەڕۆکانە هەڵگریانن و هەر بەمگوێرەیە وەکوو بەشێک لە سیستەمێکی زانین بایەخیان پەیدا کردووە. کەواتە ئێمە هەوڵ بۆ دۆزینەوەی ئەوە نادەین کە بزانین چ شتێک ڕاست یان هەڵەیە، شیاوە یان نەشیاوە، ڕاستەقینەیە یان وەهمییە، زانستییە یان ئایدیۆلۆژیکە، ڕەوایە یان نابەجێیە. بەڵکوو هەڵوەدای زانینی ئەمەین کە پەیوەندییەکان کامانەن، ئەو پەیوەندییانەی کە دەکرێ لەنێوان سازوکارەکانی زۆرەملی و توخمەکانی زانین بیاندۆزینەوە و پێناسەیەکیان بۆ پەیدا بکەین کامانەن، کایەکانی نێوان گەڕاندنەوە و پشت پێ بەستن کە یەکتر گەشە پێ دەدەن، کامانەن، هەروەها ئەو شتە کامەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی فڵانە توخمی زانین بتوانێت کاریگەرییەکانی دەسەڵات لە هەمان سیستەمدا بدۆزێتەوە کە توخمێکی ڕاستەقینە، شیمانەیی، نادیاریکراو یان هەڵەی بۆ دانراوە؛ هەروەها ئەو شتە کامەیە کە دەبێ بە هۆی ئەوەی فڵانە شێوازی زۆرەملی شکڵ و پاساودانەوەیەک بەدەست بهێنێ کە توخمێکی ئاقڵانە، تاوتوێکراو و لە لایەنی تەکنیکییەوە کارامەی هەبێت.

کەوابوو لەم ئاستە یەکەمەدا، نزیکبونەوە لە بابەتی ڕەوابوون و دیاریکردنی خاڵی هەڵە و وەهم لە ئارادا نییە.

هەروەها بەمگوێرەیە وا دەزانم کە لەم ئاستەدا دەکرێ لە دوو وشە کەڵک وەربگرین کە کارکردەکەیان ناولێنانی بوونەوەرەکان، هێزەکان یان شتێک وەکوو بابەتە ترەنسێندێنتاڵەکان [فراژۆکان، بەرزەجێکان] نییە، بەڵکوو تەنیا ئەوەیە لەو مەودایانەدا کە ئەم دوو وشەیە سەرچاوەیان پێ دەدەن، بەرتەسک کردنەوەیەکی سیستەماتیک لە بایەخ [فەزیلەت] ئەنجام بدەن؛ بە واتایەکی تر، کاریگەرنەمانی ڕەوابوون و ئاشکراکردنی ئەو شتەی کە ئەم کاریگەرییانە لە کاتێکی تایبەتدا وا لێ دەکات کە پەسەند بکرێن و ببێتە هۆی ئەوەی کە لەڕاستیدا وەربگیرێن. کەوابوو سەرەتا وشەی زانایی بەم شێوەیە بەکار دێت کە ئاماژە بۆ هەموو شێوازەکان و هەموو کاریگەرییەکانی زانین دەکات کە لە کاتێکی دیاریکراودا و لە مەودایەکی تایبەتدا ئەگەری پەسەند کردنیان هەیە؛ هەروەها لە بابەتی دووەمدا زاراوەی دەسەڵات کە تەنیا ڕیزبەندێکی تەواو لە سازوکارە تایبەتەکان کە پێناسە دەکرێن و دیاریکراون لەخۆ دەگرێت. ئەو سازوکارانەی کە وا دێنە بەرچاو توانای ئەوەیان هەبێت ڕەفتارەکان یان گوتارەکان هانبدەن. ڕێک لەم کاتەدا دەبینین کە ئەم دوو زاراوەیە تەنیا سازوکارێکی مێتۆدۆلۆژیانەیان هەیە: مەرج نییە لەڕێگەی ئەم دوو زاراوەوە، ڕێسا گشتییەکانی بابەتی ڕاستەقینە پێناسە بکەین، بەڵکوو لەڕێگەیانەوە دەمانەوێت بەشێوەیەک مەودای شیکارییەکە بەوردی دەستنیشان بکەین؛ دیاریکردنی ئەو جۆرە توخمەی کە دەبێ بۆ شیکردنەوە گونجاو بێت. بەمگوێرەیە، دەبێ لە هەمان سەرەتاوە ڕێ لە ڕەچاو گرتنی بەرجەوەندی ڕەوابوون، بەو جۆرەی کە زاراوەکانی زانین یان زاڵبوون بەکاری دێنن، بگرین. هەروەها گرنگە کە لە هەر قۆناغێکی شیکارییەکەدا بتوانین بە هەر کام لەم دوو زاراوەیە، زانین و دەسەڵات، ناوەڕۆکێکی ورد و دیاریکراو بدەین: فڵانە توخمی زانایی، فیسارە سازوکاری دەسەڵات؛ هەرگیز نابێ وا بیر بکەینەوە کە یەک زانایی یان یەک دەسەڵات بوونی هەیە، یان لەمە خراپتر، زانایی یان دەسەڵاتێک کە لەناو یان لەناوخۆی خۆیاندا کاریگەرییان هەیە. زانایی یان دەسەڵات تەنیا شەبەکەیەکی شیکارین. هەروەها دەبینین کە ئەم شەبەکەیە لە دوو کەتیگۆری ئەو توخمانەی کە لە یەک بێگانەن پێک نەهاتووە، واتە لە لایەکەوە لەو شتانەی کە لە زاناییەوە دێن و لە لایەکی ترەوە لەو شتانەی کە هی دەسەڵاتن (بە هەمان شێوە

که پێشتر باسم لەبارەیانەوە کرد ئەوان بۆ یەکتر وەک بابەتێکی دەرەکییان لێ دێت)؛ هەروەها ناکرێت شتێک وەکوو توخمێک لە زانایی نیشان بدرێت مەگەر ئەوەی کە لە لایەکەوە لەگەڵ کۆبەندێک لە ڕێساکان و ناچارەکییە تایبەتییەکان بۆ نموونە فلانە جۆر لە گوتاری زانستی لە قۆناغێکی دیاریکراودا بێتەوە؛ هەروەها مەگەر لە لایەکی ترەوە، هەڵگری کاریگەرییە زۆردارەکییەکان بێت یان تەنیا وەک هاندەر خۆی دەربخات. ئەم کاریگەرییانە تایبەت بەو شتەن کە وەکوو بابەتێکی زانستی یان تەنیا وەک بابەتێکی ژیرانە یان تەنیا بە شێوەیەکی گشتی و هتد پەسەند دەکرێن. بەپێچەوانەوە، هیچ شتێک ناتوانێت وەکوو سازوکاری دەسەڵات کارێک ئەنجام بدات، مەگەر ئەوەی گونجاو لەگەڵ مێتۆدەکان، ئامرازەکان، کەرەسەکان و ئەو ئامانجانەی کە بتوانن لە سیستەمە کەمتازۆر گونجاوەکانی زانایی جێگایەک بۆخۆیان بکەنەوە. کەواتە نابێ ئەو شتەی زانایییە و ئەو شتەی کە دەسەڵاتە و هەروەها ئەوەی کە چۆن یەکێکیان ئەوی دیکەیان سەرکوت دەکا یان ئەوەی کە چۆن یەکێکیان ئەوی دیکەیان خراپ بەکار دێنێت، وەسف بکرێت؛ بەڵکوو دەبێ وەسفی شەبەکەیەک لە زانایی ـ دەسەڵات بکرێت کە ئەم دەرفەتە دەڕەخسێنێت: لەو شتەی پەسەندکراوەیی سیستەمێک پێک دێنێت تێبگەین، جا چ ئەم سیستەمە سیستەمی نەخۆشێکی دەروونی بێت، یان وەک سیستەمێکی سزایی، سیستەمێکی تاوانی منداڵان، سیستەمێکی سێکسوالیتە و هتد ئەژمار بکرێت.

بەکورتی، وا دێتە بەر چاو کە ڕێگای بینراویەتی ئەزموونیی کۆبەندێک بۆ ئێمە، هەتا ئەو پەسەندکراوییە مێژووییەی کە لە هەمان قۆناغدا هەیەتی و بە شێوەیەکی ڕاستەقینە سەیر دەکرێت، لە ڕێڕەوی شیکارییەک لە شەبەکەی زانین ـ دەسەڵاتەوە تێدەپەڕێت. هەروەها ئەم شەبەکەیە لەڕێگەی دەستپێکردن لەم ڕاستییەوە کە ئەم کۆبەندە پەسەندکراوەی سەرلەنوێ دەست دەکەوێتەوە پشتیوانی لێ دەکات؛ هەڵبەتە، نەک بە شێوەیەکی گشتی بەڵکوو تەنیا لەو شوێنەدا کە وەردەگیرێت وای لێ دەکا کە پەسەند بکرێت. ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە دەکرێ لەڕێگەی سەرلەنوێ دەستکەوتنەوەی بابەتە ئەرێنییەکەی، تایبەتمەندییەکانی بۆ ئەژمار بکرێت. کەواتە جۆرێک لە مێتۆدمان هەیە کە لە دەرەوەی ئاوڕدانەوە لە ڕەواییبوون یان لە دەرەنجامدا بە دوورکەوتنەوە لە بەرجەوەندی بنەڕەتی یاسا، بە بازنەی ئەرێنییەتییەکەیدا پیاچوونەوەیەک ئەنجام دەدات. ئەم پیاچوونەوەیە لەڕێگەی بەردەوامبوون لە بابەتێکی ڕاستەقینەی پەسەندکراوەبوون هەتا ڕۆیشتن بەرەو سیستەمێکی پەسەندکراوەیە و لەڕێگەی تێپەڕبوون لە یارییەکی زانایی ـ دەسەڵات شی دەکرێتەوە. دەبێ ئاماژە بەوە بکەم کە ئاستی دێرینەناسی لەنزیکەی هەر ئەم شوێنەدایە.

دوویەم، دەبینین کە بەتێپەڕبوون لەم جۆرە شیکارییە، چەند مەترسییەک دەردەکەوێت کە ڕەنگە وەکوو دەرەنجامەکانی نەرێنی ئەم شیکارییە خۆی دەربخات کە زۆر لەسەری دەکەون.

ئەم ئەرێنییانە چەند کۆبەندێکن کە هیچ کاتێک بەئاشکرایی دەرناکەون، واتە هەر چۆنێک بن دەتوانین باس لەم کۆبەندانە بکەین: وەک عادەت یان ڕۆتینێک وان کە ئێمە لەگەڵ ئەم بابەتە ئەرێنییانە ئاشنا دەکەن، هێزی کوێرکەری سازوکارەکانی دەسەڵاتێکن کە ئەم ئەرێنییانە بەکاری دێنن، یان ئەو پاساوهێنانەوانەن کە ئەم ئەرێنییانە پەرەی پێدەدەن و وەک مافێکی بنەچەیی و سەرەتایین کە ئەم ئەرێنییانەیان وا لێ نەکردووە کە پەسەند بکرێن؛ هەروەها بۆ تێگەیەشتنێکی دروست لەو شتەی کە ئەم

ئەرێنییانە وا لێ دەکات کە پەســەند بکرێن، رێــک دەبێ هەر لەم خاڵــە ورد ببینەوە کە ئەم ئەرێنییانە ئاشکرا نین، لە هیچ بابەتێکی پێشەکیدا [پێشــئەزموونی] جێگیر نەبوون و هیچ پێشــتربوونێک ئەوان لەخۆ ناگرێت. دوو کارکردنی پێکگرێدراو کــە دەبێ ئەنجامیان بدەین بریتین لە: خستنەڕووی بارودۆخەکانی پەسەندکراوەیی سیستەمێک و بەدواداچوونی هێڵە پچڕاوەکان کە نیشانەی دەرکەوتنی ئەم سیســتەمەن. ئەوەی کە شــێتی و نەخۆشی دەروونی لە سیستەمی سەقامگرتوو و زانستیی دەروونپزیشــکیدا کەوتوونەتە سەر یەک، بە هیچ شــێوەیەک ئاشکرا و ڕوون نییە؛ ئەوەی کە جومگەکانی سزادان، خستنە بەندیخانە و دیسیپلینی تۆبەکاری لە سیستەمێکی سزاییدا پێکەوە بەســتراونەتەوە، بە هیچ شــێوەیەک ئاشــکرا نییــە؛ هەروەها ئەوەی کــە مەیل، هەوەس و شاوەتپەرەستی و ڕەفتاری سێکسی کەســەکان دەبێ لە سیســتەمێکی زانایی و بەهاداریدا کە سێکســوالیتەی پێدەگووترێت جومگەبەندی بکرێت، ئاشــکرا نییە. ناسین و نیشاندانی پەســەندکراوەیی سیستەمێک لە ناســینی ئەو بابەتەی کە قەبووڵ کردنەکەی دژوار دەکاتــەوە جیا ناکرێتەوە: ئەم دژوارییە لە سروشتی سەرەڕۆییەکەیدایە کە لە چێوەی زانیندا خــۆی دەبینێتەوە و توندوتیژییەکەی لە چێوەی دەســەڵاتدایە کــە بەکورتی وەک وزەکەی ســەیر دەکرێت. کەوابوو پێویســتە بەرپرسیارەتی ئەم پێکهاتەیە بە ئەستۆ بگرین هەتا بتوانین فروفێڵەکانی ڕوون بکەینەوە.

دووەمیــن دەرەنجام کە ئەویش نەرێنییە و زۆری لەســەر دەکەوێــت ئەمەیە کە ئەم کۆبەندانە وەکوو بابەتگەلێکی گشتی کە مێژوو لەگەڵ دۆخە تایبەتەکانی چەند ئاڵوگۆڕێکیان تێــدا دەکات، شــیکارییان بــۆ ناکرێــت. هەڵبــەت ڕەنگە لە پشــت زۆربــەی توخمە پەســەندکراوەکانەوە و فــرەی مەرجەکانــی پەســەندکراوەتی، مێژوویەکــی دووردرێژ هەبێت؛ بەڵام ئەو شتەی کە دەبێ سەرلەنوێ لە شــیکاری ئەم ئەرێنییەتیانەدا بەدەستیان بهێنیتەوە، بە شــێوەیەک چەند تەکنیکێکی پەتیــن کە نە وەک ئــەوە وان زاتێک بەدی بهێنن یان وەک ڕەگەزێک تاکمەندی بکەنەوە: تاکیەتی شێتیی لە جیهانی مۆدێرنی ڕۆژئاوا، تاکیەتی ڕەهای سێکسوالیتە، تاکیەتی ڕەهای سیستەمی یاسایی ـ ئاکاریی سزادانی ئێمە.

بێگومــان یەکێــک لــە گرنگتریــن و مشــتومڕهەڵگرترین لایەنەکانی ئەم بۆچوونە مێژوویــی ـ فەلســەفییە ئەمەیــە کە هیچ چارەیەکی دامەزرێنــەر و هیچ دەربازبوونێک بە شــێوازێکی پەتی بوونــی نییە. ئەگەر ئەم بۆچوونــە نایەوێت بکەوێتە ناو فەلســەفەی مێژوو یان بخزێتە ناو شیکارییەکی مێژوویی، دەبێ خۆی لەناو بەســتێنێکی خۆهەرمان لە تاکیەتییە پەتییەکاندا بهێڵێتەوە. کەواتە چی؟ لێکدابڕان، پچڕپچڕبوون، تاکیەتی، وەسفکردنی پەتی، تابلۆیەکی مەند، بێشرۆڤە، کوێرە‌ـکۆڵان، ئێوە هەمووو ئەمانە دەناســن. ڕەنگە بگووترێت کە شیکاری ئەم ئەرێنییەتیانە پەیوەندی بەو مێتۆدە شرۆڤەییانەوە نییە کە گونجاو لەگەڵ ســێ مەرجدا بایەخێکــی هۆکاریمان بۆیان هەیە:

**١** تەنیا بــۆ ئەو شــرۆڤانە بایەخی هۆکاری دادەنێین کە دوایین ئەتۆریتی [ســەرچاوەی مافدان] بــە ئامانج دەگرێــت، ئەتۆریتییەک کــە وەک بریکارێکی قــووڵ و تاک بایەخی هەیە؛ کە بۆ کەســانێک زانســتی ئابوورییە و بۆ کەســانێکی دیکە زانســتی سەرژمێری دانیشتووانە [دیمۆگرافی]؛

**٢** تەنیا بۆ ئەو شتە بایەخی هۆکاری دادەنێین کە لە ڕۆنانی قووچەکێک پەیرەوی دەکات کە ڕووی لە هۆکار یــان ناوەندی هۆکاری، واتە بنەچە و ئاخێزگەیەکی تاک، هەیە؛

**٣** هەروەهــا، لە ئاکامدا، تەنیا بۆ ئەو شــتە بایەخێکــی هۆکاری دادەنێیــن کە جۆرێکی بەرچــاو لــە دوورەپەرێــزی نەکــردن، یان

لانیکەم، ئەو شتەی کە لە ناچارەکیبوون نزیکە، دادەمەزرێنێت.

شیکاری ئەرێنیەتییەکان سەرنج بۆ لای تاکیەتییە پەتییەکان ڕادەکێشێت؛ ئەم تاکیەتییانە پەیوەندییان بە یەک ڕەگەز یان زاتێکەوە نییە، بەڵکوو لەگەڵ دۆخە سادەکانی پەسەندکراویەتی پەیوەندییان هەیە. بەمگوێرەیە، ئەم شیکارییە پێویستی بە گەشەسەندنی شەبەکەیەکی هۆکاری ئاڵۆز و چڕ هەیە، بەڵام بێگومان ئەم شەبەکەیە لە جۆرێکی دەیکەیە. ئەم شەبەکەیە لە پێویستییەک بۆ پاراوبوون لە ڕێسایەکی قووڵ، بە شێوەیەکی تاک بەقووچەککراو و ناچارەکی پەیڕەوی ناکات. ئێمە دەبێ شەبەکەیەک دابمەزرێنین کە ئەم تاکیەتییە وەکوو کاریگەرییەک ڕوون بکاتەوە. هەر لێرەوەیە کە پێویستی بە فرەڕەهەندبوونی پەیوەندییەکان، جیاوازیدانان لە نێوان جۆرە جیاوازەکانی پەیوەندییەکان، جیاوازیدانان لە نێوان فۆرمە جیاوازەکانی ناچارەکیبوونی بابەتەکانی گرێدان، دۆزینەوەی شفرەکانی کاردانەوە و کردارە بازنەییەکان و ئاوڕدانەوە لە پێکگەیشتنی پرۆسە ناگونجاوەکان، دەردەکەوێت. کەواتە، لەم شێوە شیکارییە هیچ شتیک پتر لە ڕەتکردنەوەی هۆکاریەتی بێگانە نییە. بەڵام بابەتی گرنگ ئەمەیە کە لەم شێوە شیکارییانەدا، گەڕانەوەی دەستەیەک لەو دیاردانەی کە لە یەک هۆکارەوە سەریان هەڵداوە مەبەست نییە، بەڵکوو زیاتر مەبەست ئەوەیە ئەو ئەرێنیەتییە تاکیانە وا لێ بکات کە لەو چێوەدا کە بە شێوەی تاکیەتی دەردێن بەروونی لێیان تێبگەین.

بە ئاوڕدانەوە لەم بابەتانە دەتوانم بڵێم بەپێچەوانەی پێکهاتنێک کە ڕووی لە تاکیەتیی هۆکارێکی بنەڕەتی کردووە و لێوانلێوە لە بنەچەگەلێکی فرەڕەهەند، ئەوەی لێرەدا مەبەست بووە ڕەچەڵەکناسییە، واتە شتێک کە هەوڵ دەدات بارودۆخی دەرکەوتنی تاکیەتییەک لەسەر بنەمای توخمە فرەڕەهەندە یەکلاییکەرەوەکان سەرلەنوێ بووژێنێتەوە؛ ئەو توخمانەی ئەم تاکیەتییە نەک وەکوو بەرهەمەکەیان، بەڵکوو وەک کاریگەرییەکەیان دەردەکەوێت. کەواتە مەبەست ئەوەیە ئەم تاکیەتییە وای لێ بێت کە لێی تێبگەین. بەڵام دەبێ بەڕوونی دەربکەوێ کە ئەم جۆری تێگەیشتنە لەسەر بنەمای ڕێسای داخران کار ناکات. لێرەدا ڕێسای داخران لەبەر هەندێک هۆکار مەبەست نییە.

یەکەم هۆکار ئەوەیە کە ئەو پەیوەندییانە ئەم دەرفەتە دەڕەخسێنن هەتا ئەم کاریگەرییەی تاکیەتییە ڕوون بکەینەوە، هەرچەند لە گشتیبوونیاندا سەیر ناکرێن، بەڵکوو لانیکەم هەتا ڕادەیەکی بەرچاو لەنێوان تاکەکان یان دەستەکاندا پەیوەندییگەلێکی کاردانەوەییان هەیە؛ بە مانایەکی تر، ئەم پەیوەندییانە سوژەکان، جۆرەکانی ڕەفتار، بڕیاردانەکان و هەڵبژاردنەکان لەخۆ دەگرن... ئەوەی کە ئێمە بتوانین بەشیمانەوە پشتیوانێک بدۆزینەوە لەناو سروشتی شتەکاندا نییە؛ پاڵپشتی ئەم شەبەکەی پەیوەندییە ژێرانەییانە، لۆجیکێکی تایبەتە کە لە بەستێنە کاردانەوەییکاندایە و چەند پەراوێزێکی فرەتر بگۆڕی نادڵنیاکەرەوە لەگەڵیدا بوونی هەیە.

هەروەها داخراوبوونێک لە ئارادا نییە، چونکە ئەم پەیوەندییانەی کە هەوڵیان بۆ دەدەین دایان بمەزرێنین بۆ ئەوەیە وەکوو کاریگەرییەک شرۆڤەیەک بۆ تاکیەتی بکەین؛ هەروەها ئەم شەبەکەیە لە پەیوەندییەکان نابێ تەنیا یەک نەخشە پێک بێنێت. ئەوە پەیوەندییەکانن کە خەریکی دابڕانی هەمیشەیی لە یەکترن. لە ئاستێکی دیاریکراودا، لۆجیکی کاردانەوە لە نێوان تاکەکاندا یارییەک ئەنجام دەدات، ئەو تاکانەی کە دەتوانن هەم لەڕێگەی ڕێساکانی یارییەکە و هەم لەڕێگەی تایبەتبوونیەکەی،

کاریگەرییەکانی تاکیەتی بپارێزن و لە هەمان کاتدا چەند کاردانەوەیەک لەگەڵ توخمەکانی دیکە ساز دەکەن کە لە ئاستێکی تردا یاری پێ دەکرێت، بە شێوەیەک کە لەم لایەنەوە، هیچ کام لەم کاردانەوانە سەرەتایی یان بەشێوەیەکی ڕەها پاوانخواز دەرناکەون. ڕەنگە هەر کام لەم کاردانەوانە لە بەستێنی یارییەکدا جێگایان بێتەوە کە ئەو ئاستە تێپەڕێنێت؛ هەروەها بەپێچەوانەوە، هیچ کام لەم کاردانەوانە هەرچەندەش ناوچەیی بن، بێ‌کاریگەری یان بێ‌ئەوەی کە دەرفەتی کاریگەرییان لەسەر کاردانەوەیەک هەبێ دەرناکەون؛ ئەو کاردانەوەش بۆخۆی وەک بەشێک لەمەی دوواییانە و لەخۆی دەگرێت. کەواتە بەکورتی، جووڵەیەکی هەمیشەیی، بەرگەنەگرییەکی زاتی، یان بە واتایەکی وردتر، تێکئاڵانێک لەنێوان ئەو شتەی کە هەمان پرۆسە دووپات دەکاتەوە و ئەو شتەی کە پرۆسەکە دەگۆڕێت لە ئارادایە. بەپوختی مەبەست لە باسەکە پێشەوبردنی تەواویەتی فۆرمی ئەو شیکارییانەیە کە دەکرێت ناوی ستراتێجیکیان لێ بنێیت.

مەبەستی من لە دێرینەناسی، ستراتێجی و ڕەچەڵەکناسی سێ ئاستی دوابەدوای یەک نییە کە لە یەکترەوە سەر هەڵبدەن، بەڵکوو تایبەتمەندیدانانی سێ ڕەهەندیی لە یەک شیکارییە کە بە شێوەیەکی ناچارەکی لەگەڵ یەکتردا هاوکات بوون؛ ئەم سێ ڕەهەندە لە هاوکاتبوونیاندا دەبێ دەرفەتی سەرلەنوێ بەکارهێنانەوەی ئەو شتانەی کە ئەرێنیانەن برەخسێنن، واتە کامە بارودۆخ تاکیەتییەک وا لێ دەکات کە پەسەند بکرێت؛ هەر ئەو تاکیەتییە کە لە تێگەیشتن لەرێگەی ناسینی کاردانەوەکان و ستراتێجییەکانەوە ڕێک دەخرێت کە ئەم تاکیەتییە لەنێوانیاندا تێکەڵاو بووە. ئەم شێوە توێژینەوە ڕوونکردنەوەیەکە بۆ... [چەند ڕستەیەک لە کاتی تۆمارکردنی شریتەکەدا فەوتاوە]... وەکوو کاریگەری بەرهەم دێت، هەروەها لە ئاکامدا ڕووداوچێکردن بەم مانایە دێت کە لەگەڵ شتێک سەروکارمان هەیە کە نەگۆڕبوونی، ڕیشەداکووتانی و بنەماکەی هەرگیز بە شێوەیەک نییە کە ئەگەر نەتوانین پەرتەوازەبوونەکەی بناسین، لانیکەم بە شێوازێک پێناسە بۆ ئەو شتە بکەین کە دەرفەتێک بۆ پەرتەوازبوونەکەی دەرەخسێنێت یان لەسەر چ بنەمایەک بزربوونەکەی دیاری دەکات.

پێشتر باسم لەبارەیەوە کردووە، بەجیاتی ئەوەی کێشەکە لەناو چێوەی زاراوەکانی زانین و ڕەوابوون پێناسە بکەین، پێویستە لە پرسیارەکە لەرێگەی زاراوەکانی دەسەڵات و ڕووداوچێکردنەوە نزیک ببینەوە. بەڵام هەر وەک سەیر دەکەن مەبەست ئەوە نییە کە لە دەسەڵات وەک  زاڵبوون، دەست بەسەردا ڕۆشتن، وەک بابەتێکی بنەمایی، ڕێسایەکی یەکتا، شرۆڤەکردن یان یاسایەکی نەگۆڕ کە بەرتەسک ناکرێتەوە تێبگەین؛ بەپێچەوانەوە، دەبێ هەمیشە لەناو پەیوەندییەک کە لەگەڵ بەستێنی کاردانەوەکاندا هەیەتی لە دەسەڵات وردببینەوە، دەبێ لەو پەیوەندییە جیانەکراوە کە لەگەڵ فۆرمەکانی زانستدا هەیەتی لە دەسەڵات وردببینەوە. هەروەها دەبێ هەمیشە بە شێوەیەک سەرنج لە دەسەڵات بدەین کە وەکوو هەرێمێک لە دەرفەت و لە دەرەنجامدا وەکوو هەڵگەڕانەوە و ئاوەژوویی ئەو دەرفەتە ببینین.

کەواتە دەبینن کە ئیتر پرسیار ئەوە نییە کە بە کامە هەڵە، وەهم، لەبیرکردن و یان نارەواییەک زانین بە شوێنێک گەیشتووە کە ئەو کاریگەرییانەی زاڵبوون بەرهەم بێنێت کە لەرێگەی هێژمونیی [ئەم وشەیە لە شریتەکەدا بەر گوێ ناکەوێ] لە جیهانی مۆدێرندا دەردەکەوێت؟ بەڵکوو پرسیار ئەوەیە: چۆن دابەش‌نەکراوەیی زانایی و دەسەڵات لە یاری کاردانەوەکان و ستراتێجییە فرەڕەهەندەکان دەتوانێت هەم ئەو تاکیەتییانە بەرهەم بێنێت

کە لەسەر بنەمای دۆخەکانی پەسەندکراوەیی ڕێک دەخرێن، هەم هەرێمێک لە دەرفەتەکان، کراوەییەکان، بڕیارنەدانەکان، گۆڕانکارییەکان و ئەو جێبەجێکردنە شیمانەییانە چێ دەکەن کە بابەتەکە پارچە پارچە دەکەن و بە شێوەیەکی کاتی دەریان دەهێنن و ئەم کاریگەرییانە بە ڕووداوەکان دەگۆڕن (نە شتێک زیاتر و نە شتێک کەمتر لە ڕووداوەکان)؟ بە چ شێوەیەک دەکرێت کاریگەرییە ناچارەکییە تایبەتەکانی ئەم ئەرێنییەتیانە نە لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ چارەنووسی ڕەوای زانین و هەروەها نە لەڕێگەی تێڕامان لەبارەی بابەتی ترەنسێندێنتاڵ [فراژۆ یان بەرزەجێ] یان نیمچەـترەنسێندێنتاڵ کە ئەم چارەنووسە ڕێکی دەخات بزر کەین، بەڵکوو لەناو بەستێنێکی ستراتێجیک و بەرهەست (لەناو ئەم بەستێنە ستراتێجیک و بەرهەستەدا کە ئەم کاریگەرییانە دەسەلمێنێت) و بەدەستپێک لە بڕیاری حکومەت بەسەردا نەکران ئەم کاریگەرییانە ئاوەژوو بکەین یان گرێکانیان بکەینەوە؟

لە ئاکامدا، بزاڤ و جووڵەیەک لە ئارادا بووە کە بووە بە هۆی ئەوەی ئاقاری هەڵوێستەی ڕەخنەگرانە لە پرسیاری ڕەخنەدا بگۆڕێت، یان بە واتایەکی باشتر، جووڵەیەک هەبووە کە بووە بە هۆی سەرلەنوێ وردبوونەوە لە بەرنامەی ڕۆشنگەری لەناو پرۆژەیەکی ڕەخنەگرانەدا - پرۆژەیەک کە دەبێ بە شێوەیەک کاری بکردایە کە زانین بتوانێت ئایدیای گونجاوی خۆی درووست بکات - ئایا ئێستا نابێ هەوڵی ئەوە بدرێت کە ڕێگایەکی ئاوەژوو بگرینە بەر، ئاوەژووی ئەم بزاڤەی کە ئاقارەکەی گۆڕیوە، جێبەجێی کردووە و بەپێچەوانەی ئەو شێوازەی کە پرسیار لە ڕۆشنگەری لەناو ڕەخنەدا بەلاڕێدا بردووە؟ ئایا ئێمە ناتوانین هەوڵی ئەوە بدەین کە ئەم ڕەوەندە لە ڕێگایەکی پێچەوانەوە بپێوین؟ هەروەها ئەگەر پرسیار سەبارەت بە زانین پێویستە لەگەڵ ئاستی پەیوەندی بە زۆرداری و دەست بەسەردا ڕاگرتنەوە ئاراستە بکرێت، ئەم پرسیارە دەتوانێت سەرەتا و بەر لە هەموو شتێک لە جۆرێک خواستی یەکلاییکەرەوەی حکومەت بەسەردا نەکرانەوە دەست پێ بکات، ئەم بڕیار و خواستی یەکلاییکەرەوە بریتییە لە هەڵوێستەی هەم تاکیانە و هەم بە کۆمەڵ؛ بە وتەی کانت، بۆ دەربازبوون لە پێنەگەیشتوویی. پرسیار لە هەڵوێستە. دەبینن، لە کاتێکدا دەکرا، بۆچی نەمتوانی و نەموێرا سەردێڕی کۆنفرانسەکەم بەم شێوەیە ناو بنێم: ڕۆشنگەری چییە؟

## سەرچاوەی وەرگێڕان

Michel Foucault (2007), “What is critique?”, Translated by Lysa Hochroth, In the Politics of Truth, Edited by Sylvère Lotringer, Los Angeles: Semiotext, pp. 41-83.

What is an author? First published in the Bulletin de fa Societe francaise de philosophie, was translated from the French by Josue V. Harari in Textual Strategies: Perspectives in Post-Structuralist Criticism, and edited by Josue V Harari (Ithaca, New York: Cornell University Press, 1979). It was reprinted in Foucault Reader, ed. Paul Rabinow (New York: Pantheon Books, 1984).

John Wycliffe (١٣٢٠ – ١٣٨٤): فەیلەسوف، بیرمەندی ئایینی و چاکسازیخوازی ئینگلیزی کە بۆ یەکەم جار کتێبی پیرۆزی (The bible) بەتەواوی بۆ سەر زمانی ئینگلیزی وەرگێڕا. ویکلیف وەک پێشەنگی بزاڤی ڕیفۆرمی پرۆتێستان سەیر دەکرێ و بەڕوونی باسی لەوە کردووە کە قەشەکان پەیوەندی نێوان خودا و خوڵقێنراوەکانی ساز ناکەن، دژ بە ڕێورەسمی عێشای ڕەبانی بووە و پێیوابووە دانپیانان بە گوناهەکان لە کڵێسەدا کارێکی ڕەوا نییە.

Pierre Bayle (١٦٤٧ – ١٧٠٦): فەیلەسوف و نووسەری فەڕەنسی کە بە هۆی نووسینەکانیەوە لە فەرهەنگی ڕەخنەیی و مێژووییدا (Historical and Critical Dictionary) ناوی دەرکردووە. ئەم فەرهەنگە لەڕووی وردبینی زانستیی و مێتۆدی گومانکردنەوە کاریگەرەییەکی زۆری لەسەر بیرمەندەکانی بزاڤی ڕۆشنگەری داناوە.

زۆربەی کات فوکۆ لە قسەکردن و نووسینیدا وشەی ڕۆشنگەری [Enlightenment (ئینگلیزی)] بە هەمان شێوە ئاڵمانییەکەی واتە Aufklärung بەکار دینێت.

Frederick II: پاشای پرۆس (      ـ١٧٨٦) کە نازناوی فرێدێریکی مەزنی (Frederick the Great) هەبوو.